بەشی سینەماو شانۆ

زانکۆی سەلاح ددین

کۆلیژی هونەرە جوانەکان

Salahaddin University

Cinema &Theatre department

College of fine arts

# کاریگەری گوزارشتی جەستەی لەسەر شانۆی هاوچەرخ (پینەباوش وەکو نمونە)

# The Effects of Physical Expression on Contemporary Theater (Pena Bach as an example)

توێژینەوەی/

**م.ی.فرح طه درویش**

**مامۆستای یاریدەدەر**

Farah Taha Darweesh

Gmail: farah.darweesh@su.edu.krd

## کورتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە،( کاریگەری گوزارشتی جەستەی  لە شانۆی هاوچەرخدا، پینەباوش وەکو نمونە). دابەش دەبێت بەسەر  چوار بەش، لە بەشی یەکەمدا چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە دەگرێتەوە کەتایبەتە بە کێشەی توێژینەوەو گرنگی و ئامانج و سنوری توێژینەوەکە، پاشان بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە لەدوو تەوەرە پێك دێت تەوەرەی یەکەم  تایبەتە بە ئامادەکردن و مەشقکردنی جەستەی ئەکتەرو بەکارهێنانی بەشێوەیەکی زانستی و مەنهەجی، بەڵام تەوەری دووەم دەربارەی ئەو ئامرازە هاوچەرخانەیە کە تایبەتن بە ئامادەکردنی جەستەی ئاکتەرو گرنگی گوزارشتی جەستەی لە شانۆی هاوچەرخدا، بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و  تواناى جەستەی ئاکتەر لەشانۆی هاوچەرخدا، هەروەها ئەم بەشە  بە گرنگترین خاڵەکانی چوارچێوەی تیۆری کۆتای دێت، پاشان بەشی سێهەم دەست پێدەکات کە بریتیە لە ( بەجێهێنانی توێژینەوە) گۆمەڵگای توێژینەوەو سنوری زەمەنی توێژینەوەکە کە ساڵی ٢٠٠٠بۆ٢٠١٠ دەگرێتەوە، ئەو نمونانەی لەم توێژینەوەیەدا کارم لەسەر کردوون بریتین لە سێ نمونە، واتە سێ نمایشی جیاوازی دەرهێنەرو سەماکار (پینەباوش)ە ، بەڵام بۆ میتۆدی توێژینەوەی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە ،هەروەها بۆ شیکردنەوەی نمونەکان پشت بە چاوپێکەوتنی ڤیدیۆی یوتوب و سیدی بەستراوە وەک ئامراز بۆ نوسینی توێژنەوەکە. بەشی چوارەم لە گفتوگۆکردن و دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکان سەرچاوەکان و هەروەها لە پوختەی توێژینەوە  پێک هاتون بە زمانی ئینگیزی.

## Abstract

This research is divided (The effects of physical expression in contemporary theater, Paina Bausch as model). The first chapter deals with the methodological framework of the research through the problem of research and its need, its importance, its purpose and its limits, and then the second chapter will be the theoretical framework. Scientific and practical, the second subject, which is on the types of contemporary performances to create the body of the actor through the title of the subject of the importance of physical expression in different performances in the contemporary theater at the level of cultural performance varied physical expression, and development of the body expression of the contemporary actor, and then emerged the chapter with indicators of the theoretical

framework. The third chapter (research procedures) came from the research community, which was defined within the time period of 2000-2010, and the research samples that were deliberately selected for three different performances of Pina Bausch. The research method used the descriptive approach in the analysis of samples based on interviews with YouTube and CDM As for the research tools, the fourth chapter is the results of the research and discussion and then the conclusions, recommendations, proposals and then a list of sources and references.


کلیکه وشەکان

(شانۆ، هاوچەرخ، ئاکتەر، جەستە ، گوزارشت )

Keywords

(Theatre, Contemporary, Actor, Body, Expression)


## بەشی یەکەم/ چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

### 1.1 کێشەی توێژینەوەو گرنگیەکەی

ناوچەکانی گوزارشکردن لە هونەری شانۆ بەگشتی و هەروەها لە بواری نواندن بەتایبەتی گۆڕانکاری گرنگ و بەرچاوی بەسەردا هاتوە لەسەرئاستەکانی شوێن و ڕوداو زەمەن و ڕیتم، بەجۆرێک لەشانۆی هاوچەرخدا ئاکتەری شانۆیی زیاتر مەیلی بەلای سانای جوڵەو هێماو ئاماژە گوزارشتئامێزەکاندا دەچێت لەپێناو گەیشتن بە جۆرێک لە ئەداو نواندنی قوڵ و گاریگەر، ئەمەش لەپێناو دەرخستنی تواناو لێهاتوی ئاکتەرە لەکاتی نواندن بەشێوەیەکی هونەری و ئێستاتیکی.

هەربۆیە جەستە لەم نێوەندەدا بۆ خۆی خاوەنی زمانێکی دوولایەنەکە کە لەڕێگەی وشەو جوڵەو ئاماژەوە گوزارشت دەکات، بەومانایەی کە هەموو جەستەیەک بۆ خۆی ئاماژەیە بۆ گوزارشکتردن لە ئاستی ڕۆشنبیری و زمانەوانی بەشێوەیەکی دیاریکراو، هاوکات جەستە دەکەوێت ژێر کاریگەری لایەنەکانی وەکو ئەنسرۆپۆلۆژی و

سیسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و تەنانەت لایەنی تەکنەلۆژی ، بەجۆرێک هەموو ئەم لایەنانە ڕەهەند و مانا دەدەن بە جەستە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گوازارشتئامێزانە دەربکەوێت.

لەبەرئەوە گوزارشتی جەستەیی ئاکتەر لەشانۆی هاوچەرخدا، بەهەمان شێوەی شانۆی نەریتی و تەقلیدی بەکار ناهێندرێت، چونکە لەئێستادا بەشێک لە دەست کەوتە تەکۆنەلۆژی و شانۆیەکان وێنەیەکی بەرچاو هاوکات ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە پێکهێنانی لایەنی پێکهاتەی دیمەنە شانۆیەکان، لەبەرئەم هۆکارەیە کاری ئەکتەر لەشانۆی هاوچەرخدا زیاتر بریتیە لە جۆرێک لە نواندن و هەڵچونی هەست ئامێزی قوڵ لە ئاستێکی بەرزی هونەریدا، کە ئەمەش وادەکات گوزارشتە جەستەیەکانی ئەکتەر ساناو ،هاوکات قوڵ و مانادا دەربکەێت لەسەرستەیج.

لەبەرئەوە گوزارشتی جەستەیی، لەسەرهەردوو ئاستی تەکنیکی و نواندن چەندین ئاڕاستەو بەرەوپێش چونی بەخۆوە بینیوە لە فۆرمە جیاوازەکانی شانۆی بێدەنگ و شانۆی ڕیالیستی و ئەبسۆردوهەروەها سەمای هاوچەرخ، بەجۆرێک ئەکتەری شانۆی هاوچەرخ خاوەنی چەندین بەهرەو توانستی جۆراوجۆرە، بەجۆرێک توانای گۆرانی گوتن و سەماکردن و ئەنجامدانی چەندین جوڵەو ئاماژەی هونەری و شانۆی هەیە لە یەک کاتدا .

لەبەرئەم هۆکارانە توێژەر ئاماژە بەوە دەدا کە جەستەی ئاسای ژیانی ڕۆژانە بریتیە لە جەستەیەکی داخراو، کە بەشێوەیەکی سادە گوزارشت و مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر دەکات، بەڵام جەستەی هۆشیار یاخود جەستەی هونەری ئاکتەر، بریتیە لە جەستەیەك کە توانای گوزارشتکردنی بەرزە، هەرلەبەر ئەم تێڕوانینیەیە کە شانۆی هاوچەرخ بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بە جەستەی ئەکتەر دەبەستێت لەپێناو دروستکردنی بوارێک بۆ دەرخستنی تواناو بەهرەکانی ئەکتەرو ، هاوکات لەپێناو خوڵقاندن و پێدانی وێنەیەکی بەرزی هونەری بە دیمەنە شانۆیەکانی .
لەبەرئەوە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر کاریگەری گوزارشتی جەستەیی دەکات لەسەر شانۆی هاوچەرخ وە (پینەباوش وەکو نمونەیەک).

## 2.1 گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە سەرنج دەخاتە سەر ئەکتەرو گوزارشتکردنی لەمیانی جەستەو دەنگ و هێماو سەماو ئاماژە فیزیکیەکانی لەکاتی نواندن بەپێی ستایلی کارکردنی هونەری جیاواز، بۆیە دەکرێت شانۆکاری پسپۆرو توێژەرو،ئەکادیمیست و پیشەمەندە شانۆییەکان سود لەم توێژینەوەیە وەربگرن .

## 3.1 ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە ناساندنی کاریگەری گوزارشتی جەستەییە لە شانۆی هاوچەرخدا، لەڕێگەی پیشاندان و نرخاندنی توانستە جەستەیی و تەکنیکەکانی ئاکتەر.

**4.1 سنوری توێژینەوەکە**

سنوری زەمانی: ساڵی ٢٠٠٠-٢٠١٠

سنوری شوێن: ئەو نمایشانەی پینەباوش کە لە وڵاتی ئەڵمانیا پێشکەشی کردون

سنوری بابەتی: کاریگەری گوزارشتی جەستەی لەسەر شانۆ (پینەباوش وەک نمونە)

## بەشی دووەم / چوارچێوەی تیۆری

### 1.1 تەوەرەی یەکەم/ ئامادەکردن و ڕاهێنانی جەستەی ئەکتەر بەشێوەیەکی تەکنیکی

ڕەهەندی جەستەیی و دەنگی هۆکاری سەرەکین لە بیناکردنی توانستی ئەکتەر وەکو بەشێك لە کاری نواندن وئەداکردنی لەسەر ستەیج، بۆیە زۆرێك لە ئاڕاستە هونەری و قوتابخانەو لابۆرو تاقیگە شانۆیەکان، بەشێك لە شانۆکارە پیشەمەندو تیۆریستە شانۆیە جیهانیەکان بونە هۆکاری دەرخستنی زیاترو بەرەوپێش بردنی توانا جەستەییە گوزارشت ئامێزەکانی ئەکتەر.

بۆیە میتۆدو تێڕوانینەکانی ستانیسلاڤسکی لەبواری نواندنی شانۆیدا سەرنجی دەخستە سەر پەیوەندی واقعگەری لەئەداکردنی ئەکتەر بە ئاستی هونەریەوە، بەجۆرێك پشتی دەبەست بە دەرخستنی دۆخی هەستی وسۆزداری بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە لەلای ئەکتەر، هەربۆیە ستانیسلاڤسکی لەمیانی هونەری ژیان لەناو ڕۆڵدا، دەیویست ئەکتەر بگەیەنێتە ئاستێکی باڵاو بەرزی نواندن و ڕۆڵ بینین، بەڵام هەمیشە پاڵنەرە دەرکیەکانی دەکردە بەهانەیەکی باش بۆ گەیشتن بە کرداری ناوەکی لەلای ئەکتەر (( پێویستە ئەکتەر لەگەڵ ڕۆڵەکەی بژی بەڵام بەتەنها لەڕێگەی ژیان و ڕۆچونە ناو کردارە ناوەکیەکانەوە نا، بەڵکو بەسود وەرگرتن لە پاڵنەرە دەرەکیەکان هەروەها بەرجەستەکردنی کردارەکان لەڕێگەی پەنابردنە بەر گوزارشتی جەستەیی چونکە دەبیندرێن و هەستیان پێدەکرێت هەربۆیە هیچ کات هیچ کردارێک دەرناکەوێت و ئامانجدار نابێت لەسەرتەختەی شانۆ ئەگەر لەڕێگەی گوزارشتی جەستەی ئەکتەرەوە پێشان نەدرێت))1.

لەبەرئەوە شێوازو تەکنیکی ئەکتەر لەکاتی نواندن لەلای ستانیسلاڤسکی و بەپێی بەشێك لە تێڕوانینە تێۆریەکانی زیاتر وابەستەبوو بە کارکردن لەسەر جەستەی ئەکتەر وەکو ئامرازێک بۆ گوزارشت کردن لەو کەسایەتیەی ڕۆڵی تێدا دەبینێت. کاتێك ئەکتەری شانۆی خاوەنی جۆرێك لەهۆشیاری و گوزارشتی جەستەیی ئازادانە دەبێت، لەمیانی ئازادکردنی ئامرازەکانی وەکو خەیاڵ و ئەدێشەی بەشێوەیەکی سەرەکی، ئەوکات گوزارشتە جەستەیەکانی زیاتر وردو کۆکراوە دەبن لەکاتی ئەنجامدانی جوڵەو کردارە فیزیکیەکانی، لەبەرئەوە ((هیچ کات کرداری بیندراو

وێناکراو دروست نابێت بەبێ گوزارشتی جەستەیی، چونکە پەیوندی هەیە لەنێوان گوزارشتی جەستەیی و هەموو کردارە ناوەکیەکانی ئەکتەر کە سەرئەنجام دەبنە مایەی. گەیشتن بە دۆخی داهێنان لەلای ئاکتەر))2، کەواتە گرنگی داهێنان لە تێڕوانینی ستانیسلاڤیسکیدا بریتیە لە گونجاندنی جەستەی ئەکتەر لەگەڵ ڕەهەندەکانی ئەو کەسایەتیەی کە ڕۆڵی تێدا دەبینێت و گرێدان و چاودێریکردنی ئەم دولایەنە لەپێناو خوڵقاندنی داهێنان.

هەروەها ستانیسلاڤیسکی ئاماژە بەوە دەکات کە هونەری ئەداکردن لای ئەکتەر بریتیە لە هەستکردن بە هەموو ئەو ساتە وەختە هونەریانەی لەپێشدا خوڵقاندوێتی و پاشان پیشانی بینەری دەدات، بەومانایەی گوزارشکردن لە وشەو دیالۆگەکان تەنها لەپێناو پیشاندان و دەرخستنی مانای وشەکان نیە بەڵکو، گوزارشتە جەستەیی و دەنگیەکانی ئاکتەر گوزارشت لە مانا ناوەکی و دەرەکیەکانی وشەو دیالۆژەکان دەکەن. لەبەرئەوە گوزارشتی جەستەیی کاتێك دروست دەبێت کە پاڵنەرێکی ناوەکی لەناو جەستەی خودی ئاکتەری شانۆیدا هەبێت.

لەبەرئەوە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە میتۆدو تەکنیکی ستانیسلاڤسکی دەکات لەگەڵ هەندێک لەو ڕاهێنانەی کە یارمەتی ئەکتەر دەدات لە بەرەوپێشبردنی توانای گوازرشتی جەستەیی ئەکتەر لەڕێگەی:

١ - ئەو ڕاهێنانەی تایبەتن بە جوڵەو جەستەی ئەکتەر بەشێوەیەکی تەکنیکی وەکو ئامانجی جوڵە لەلای وەرزشەوان و یاریزان ( هێرش کردن، بەرگریکردن، سەرکەوتن) هەر جوڵەیەکی جەستە، چۆن بەکار بهێندرێت و شیبکرێتەوە وەک بەشێك لە جەستەی ئاکتەر لە بەرهەمە شانۆیەکاندا.

٢ - ڕاهێنانکردن لەسەر کەسایەتی ناو شانۆنامەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لەپێناو ئاشکراکردن و ژیان لەگەڵ دۆخەکە لەڕێگەی ( دابەشکردنی کردارەکان، لایەنی هەست و سۆزو ئامانج) هەروەها لەگەڵ خۆگونجاندنی ئەکتەر لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی دەیبینێت لەپێناو دروستکردنی یەکێتی لەنێوان لایەنی ناوەکی و گوزارشتی جەستەی و ئەدای ئاکتەر.

لەبەرئەوە ستانیسلاڤسکی هەمیشە ڕۆژانە گرنگی بە ڕاهێنانی شانۆی ئاکتەر دەدا کە ئامانج لە گرتنە بەری ڕاهێنانەکان پیشاندانی توانا مرۆیەکانی ئاکتەر بوو هەروەها بەکارهێنانی ئەم توانایانە بەشێوەیەکی هۆشیارانە لەمیانی یاسا هونەریەکانی جەستەی ئاکتەر و ،هاوکات بە پشت بەستن و گرنگی دانی بە لایەنی سایکۆلۆژی و گوارشتکردن لە کرداری ناوەکی لەلای ئاکتەر.

چونکە سەرئەنجام گوزارشتی جەستەی بەمانای گرێدانی کرداری دەرەکی و ناوەکی دێت، بەجۆرێک هەر جوڵەو هێماو گوزارشتێك ڕاستەوخۆ دەگاتە بینەر، وەرگر.

هەربۆیە پاشان( مایەرهۆڵد) دێت وکار لەسەر ئەکتەر دەکات، بە پشت بەستن لەسەر گوزارشتی دیوی دەرەوەی جەستەی ئەکتەرو دەڵێ( جەستەی ئاکتەر لە توانایدایە لەڕێگەی ئەوهەنگاوانەی دەینێت بۆ ئەنجامدانی جوڵە زۆر بەباشی گۆرانی بڵێ هەروەک دەنگ)٣، بەومانایەی کە گوارشتی جەستەی ئاکتەر لەمیانی وەستانەکانی جەستەو جوڵەو دۆخە جۆروجۆرەکانی جەستەی ئاکتەر پێک دێت. هەروەها ڕیتمێش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەم نێوەندەدا.

کەواتە بۆ دەرخستنی وێنەو پێکهاتەی پەیکەری جەستەو بونی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ، مایەرهۆڵد هەموو ڕەگەزە شانۆیەکانی بەکار هێنا لەپێناو تیشک خستنە سەر گرنگی و کاریگەری جەستەی ئاکتەر ، بەجۆرێک شێوەو دارشتنی بەشێك لە دیکۆرە شانۆیەکانی ڕاستەوخۆ پەیوەست و پەیوەندی هەبوو بە جوڵەو پلاستیکای جەستەی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ، واتە شێوەی ئەندازیاریانەی بەشێك لە کارو دیکۆرەکانی لەپێناو دەرخستن و پیشاندای جوڵەو گوزارشتە ئیستاتیکی و دەرەکیەکانی جەستەی ئاکتەر بوون. چونکە هەمیشە پەیوەندی بەدی دەکرێت لەنێوان شێوەو دیزاینی دیکۆری کارەشانۆیەکانی مایەرهۆڵد لەگەڵ سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتای جوڵە جەستەیەکانی ئاکتەر لەسەر تەختەی شانۆ، ئەم پەیوەندی و هارمۆنیە هونەریە دەبووە مایەی دەرخستنی گرنگی و ڕۆڵی جەستەی ئاکتەر وەکو ئامرازێك بۆ گوزارشت کردن لە مانا و هونەر. لەبەرئەم هۆکارە ئاکتەر لەلای مایەرهۆڵد ، گوزارشت لە شۆڕشێکی جەستەیی و جوڵەئامێز دەکات کە پێشت دەبەستێت بە لایەنی دەرەکی جەستەی ئەکتەر، چونکە پێی وابوو جەستە هەڵگری توانایەکی گەورەی ئەداو گوزارشتە، هەڵبەت لەڕێگەی ئەنجامدانی بازدان و هەڵگەڕانەوەی جەستەی ئەکتەرو ئەنجامدانی چەندین جوڵەی ئاستەم و هونەیەوە ئەو جۆرە لێهاتویەی ئەکتەر دەردەکەوت.

بۆیە مایەرهۆڵد لەڕێگەی مەشق و ڕاهێنانی جۆراو جۆرەوە جەستەی ئەکتەری پەروەردە دەکردو داوای دەکرد کە ئەکتەر دەست بڵاو نەبێت لەکاتی بەکار هێنانی جوڵەو ئەنجامدانی ئاماژەی جەستەیی لەکاتی نواندندا، هەروەك چۆن لەماوەی کارکردنی لەسەر چەمکی بایۆمیکانیکدا، ((مایەرهۆڵد هەوڵی بەرهەمهێنان و هێنانە کایەی جۆرێك لە جەستەی ئەکتەری دەدا کە هەمیشە زیندو کارابێت ))٤ بەجۆرێک چەمکی شێوازگەری و گرۆتێسك و مەرج ئامێزی لەپێناو پێش کەوتنی ئاستی ئەداو جەستەی ئەکتەر بەکاردەهێنا، لەڕێگەی دابەشکردنی وزەو جوڵەی ئەکتەر لەکاتی نواندن لە دیمەنە شانۆیەکاندا. لەبەرئەوە شانۆی هاوچەرخ بەشێکی زۆر لە تێڕوانین و میتۆدو ئاڕاستە شانۆیەکان بەکاردەهێنێت لە پێناو بەکارهێنانی جەستەی ئەکتەر بە فۆرمێکی سەردەمی و هاوچەرخانە.
مایەرهۆڵد بەئەکتەری زیندوی دەگوت (ئەکتەری داهاتو)، بەومانایەی کە جەستەی ئەو لە جۆرە ئەکتەرە لێهاتوەو توانای دەربڕین و گوزارشتی بەهێزەو گرنگی بە ڕیتم و مۆسیقاو تەشکیلی جەستەیی جۆراوجۆر دەدات لەکاتی

ڕۆڵ بینیندا. چونکە جەستەی ئەکتەری شانۆی داهاتو خاوەنی جەستەیەکە کەلەتوانایدایە هەموو جوڵەیەکی هەیە لەسەر تەختەی شانۆو بەشێوەیەکی هونەرو ئیستاتیکی و شانۆی.

لێرەدا توێژەر ئاماژە بە گرنگی ڕیتم دەکات کە وەکو بەشێك لە تەکنیکی جەستەی ئەکتەر لەلای مایەرهۆلد:

١ - ڕیتمی کەسایەتی لەگەڵ ڕیتمی جوڵەی ئاکتەر

٢ - ڕیتمی جوڵەی جەستەی ئەکتەر لەگەڵ ڕیتمی ڕێکخستنی جەستە لەناو پانتایدا

ڕێتم لەلای مایەرهۆلد ، وەکو ئاوازێکی مەبەست ئامێز وایە ( ڕیتم بەتەنها ئامرازێکی ڕێکخەر نیە، بەڵکو لایەنێکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ناوەرۆک هەیە)٥ ، بۆیە هەموو جوڵەیەکی جەستەی ئەکتەر نابێت لە ڕیتمی کردارەکە دەربچێت تەنانەت ئەگەر لە دۆخی ئەفراندن و ڕاگوزەریدا بێت لەسەر تەختەی شانۆ، دەبێت هەمیشە ئەکتەر ئاماژەو هێماو کردار، یاخود جوڵە گوزارشت ئامێزەکانی لەڕێگەی ڕیتم ڕێك بخرێن. هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە مایەرهۆلد تەماشای گرنگی ڕیتمی جەستەی ئەکتەری دەدا لە شانۆدا. توێژەر لێرەدا ئەوە دوپات دەکاتەوە، کە گوزارشتی جەستەیی لایەنێکی ناوەکی و دەرکیە کە پێکەوە یەك دەگرن بەشێوەیەکی تەکنیکی ، کە دەبێتە مایەی بەرەوپێشچونی ئەکتەری شانۆی و بەرەوپێش چونی ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیری، لەپاڵ ئەزمونە جۆراوجۆرەکانی لەبواری نواندان لە شانۆدا.

یۆجینۆ باربا، ئەوە ڕاهێنەرە بەناوبانگە شانۆیەی کە کاری لەسەر برەودان و بەرەوپێشچونی گوزارشتی جەستەیی و دەنگی ئەکتەری ڕۆژئاوای دەکرد، لەڕێگەی سود وەرگرتن لە بەشێك لە کەلتورە شانۆیە ڕۆژهەڵاتیەکانی وەکو شانۆی ( کەتەکاڵی و شانۆی کابوکی و نو). توانی لایەنی کەلتوری و فەرهەنگی شانۆی ڕۆژهەڵاتی کۆ بکاتەوە یاخود ببەستێتەوە بە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری شانۆی و وەکو بەشێك لەکاری ئەکتەر لەشانۆدا. بەڵام پێگەی جەستە لەلای یۆجینۆ باربا ڕەهەندی فرە لایەنە لە خۆ دەگرێت لەپێناو تێگەیشتن و شیکردنەوەی کاری ئەکتەر، هەروەها لەڕێگەی دابەشکردنی قۆناغەکانی جەستە لەڕووی ( لایەنی بایۆلۆژجی و ئەنسرۆپۆلۆژی)،ئەمەش لەپێناو داهێنان و دروست بونی جۆرێك لەجەستە کە باربا ناوی دەنێت سروشتی دووەم، واتە جەستەی هونەری ئەکتەر.

لەبەرئەوە یۆجینۆ باربا بەدیاریکراوی چەمکی وزەی بۆ بەکار دەهێنا بۆ کاری ئەکتەر لەکاتی نواندندا، چونکە وزە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ بزواندنی هەست و سۆزو لایەنی هەڵچونە دەرونیەکانی ئەکتەرلەکاتی نواندندا ، هەربۆیە دەبێت ئەکتەر وزەی بەشێوەیەکی هەرەمەکی و بەربڵاو بەکارنەهێنێت لەکاتی دەربڕین و گوزارشتکردنی بەجەستەی، چونکە یۆجینۆ باربا دوپاتی دەکاتەوە کە ئەکتەری هۆشیار توانای دیسپلنکردن و بەکارهێنانی تواناو وزەی خۆی هەیە بەپێی پێویست و لەکات و ساتی داواکراودا، جا زۆرجار بەشێك لەو وزەیە لەڕێی دەربڕینە

جەستەیەکانی دەردەکەون، بەجۆرێك، ( دەبێت بە وزەیەکی گەورە پێشان بدات لەڕێی ڕەنجێکی کەمەوە)6، ئەم تێڕوانینەش پەیوەندی بە مامەڵەکردنی ئەکتەر هەیە بە سێبەرو بونی خۆی لەسەر تەختەی شانۆ، هەربۆیە ئەکتەر هەرچەندە توانای بەسەر کۆنترۆڵکردنی وزەی خۆیدا بشکێت ئەوەندە کاریزماو بونی لەسەر تەختەی شانۆ دەردەکەوێت بەتایبەتی لەسەر ئاستی پیشاندانی توانا جەستەیەکانی.

هەروەها لێرە توێژەر ئاماژە بەوە دەکات کە چەمك و مەفومی وزەی ئەکتەر پەیوەستە بە ماوەو زەمەن، واتە بەکارهێنانی پانتای جەستەی ئەکتەر بە گوزارشتە ناوەکی و دەرەکیەکانی و ، بەستنەوەی بە پانتای شوێن و دابەشکردبونی جەستەی بەسەر جوڵەو کردارو هەموو پێکهاتەکانیتر لەسەر تەختەی شانۆ. ئەمە بەومانایە دێ کە کاتێك ئەکتەر دەگاتە ئاستی هۆشیاریەکی هونەری تەواو بەرامبەر بە توانا جەستەیەکانی خۆی. ئەوکات دەبێتە خاوەنی جەستەیەکی لێهاتو ئامادەی هونەری کە توانای کۆنترۆڵکردنی وزەو و گوزارشتە جەستەیەکانی دەبێت لەسەر تەختەی شانۆو لەکاتی ڕۆڵ بینین و نواندندا.
یۆجینۆ باربا لەئاماژەکردنی بۆ تەکنیکی ئەکتەر لەکاتی نواندندا ئاماژە بە گرنگی پاڵنەر دەکات بۆ ئەنجامدانی هەر کردارێك بەهۆی بونی ویستێك بۆ ئەنجامدانی کردارەکە ئەگەر ناوەکی بێت یاخود دەرەک (کەواتە نابێت ویستی ئاکتەر بۆ گوزارشتکردن بڕیار لەسەر ئەنجامدانی کردار بدات لەلای ئاکتەر، بەڵکو ویست و پێویستی کردارەکە بڕیار لەسەر پێویستی گوزارشتکردن دەدات لەلای ئەکتەر)7، وزەی ئەکتەر، لەگەڵ ویست و کردار پاڵنەرن لەلای ئەکتەر بۆ گوزارشتکردن، بەومانایەی کە گوزارشتکردن دۆخێکی هەڕەمەکی و لەخۆوە دروست نابێت لەسەر تەختەی شانۆ، بەڵکو کردار لایەنی ناوەکی ئەکتەر دەجوڵێنێت بەرەو گوزارشتکردن و وای لێدەکات هەست بە هیلاکی، ترس، خۆشی، دڵەڕاوکێ و دۆخی دەرونی جۆراوجۆر بکات. کەواتە بەپێی بیروڕای یۆجینۆ باربا ئەکتەر دەبیت ئاگاداری سلوك و ئاکاری مرۆڤانەی خۆی بێت وەکو ئەکتەر لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی نواندن.
میتۆدی گرۆتۆڤسکی کە بە شێوازی سۆفیەتی خود لەسەر ئاستی گوزارشتی جەستەی ناسراوە، کەئەمەش لە میانی قوڵبونەوەو ڕۆچونی ئەکتەر لەسەر خودی خۆی سەرچاوە دەگرێ، هەربۆیە پەیبردن بەگرنگی و هێزای خود لەلای گرۆتۆڤیسکی لێهاتوی و توانا دەبەخشێت بە ئەکتەر هەتا بتوانێت لەڕێگەی جەستەیەوە گوازارشت بکات.
بۆیە ئەکتەر لای گرۆتۆڤسکی بریتیە لە هەوڵێك بۆ دەربازبون لە کۆت و بەندی ناخ و خودی مرۆڤ گرۆتۆڤسکی پشت دەبەستێت بە شێوازی لاهوتی بۆ کاری ئەکتەر ،هەروەها ئاماژە بە جیاوازی نێوان ( ئەکتەری پیرۆزو ئەکتەری بێ ئابڕو دەکات)8، مەبەستی لەو جۆرەیە لەئەکتەر کە لەڕێگەی پێزانین و بەگرنگی زانینی نواندن دەتوانێ گوزارشت و نواندن بکات وەکو لایەنێکی پیرۆز، بەڵام ئەکتەری بێ ئابڕوو ئەو ئەکتەرەیە کە بێ چاوڕوانە و بێ گوێدان بە وابەستە بون بە لایەنی هونەری و مرۆڤبونی خۆی ، خەریکی نمایشکردنی خودی خۆی

دەبێت وەکو مرۆڤ نەك ئەکتەرو بەوجۆرەش خەریکی گوزارشکتردن دەبێت لە خودی خۆی نەوەك کاراکتەرو کەسایەتیەکە بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە.
کەواتە ئەکتەر واتە کارکردن لەسەرخود، چونکە ژیانی ڕۆژانە خودی مرۆڤ دەشارێتەوە بەڵام ( شانۆو ئاکتەر) ئەو دیوە شاراوەیە ڕادەماڵێت و گوزارشت لەو شتانە دەکات لە لەژیانی ڕۆژانەدا پەردەپۆشن و خودی مرۆڤیان داپۆشیوە.
هەربۆیە گرۆتۆڤسکی داوای دەربڕینێکی سۆفیانەو گوزارشتی جەستەیی و دەنگی لەئەکتەر دەکات لەکاتی نواندن لەسەر ستەیج یاخود لەسەر تەختەی شانۆ، لەبەرئەوە، ( پێویستە ئاکتەر دەمامکێکی ڕاستەقینەو ئۆرگانی بە ماسولکەکانی دەم و چاوی خۆی دروست بکات)9، بۆیە ئەکتەر لەلای گرۆتۆڤسکی بەشێوەکی ڕۆژانە پشتی دەبەستیک بە مەشق و ڕاهێنان کردن لەسەر جوڵە و کردارو دەنگ، چونکە ئەم لایەنانە بنەما سەرەکین لە تەکنیك و نواندنی ئەکتەردا.
بۆیە گرۆتۆڤسکی شانۆکەی لەژێر ناونیشانی شانۆی هەژاردا بەیانکرد چونکە گرنگی پێگەی ئاکتەرو سنورداکردنی لایەنی تەکنیکی دوپات دەکاتەوە، بەجۆرێك زۆرجار ئەکتەربەتەنها شوێنی ڕەگەزە یارمەتیدەرەکانی تر دەگرێتەوە، بۆیە دەبوو ئاکتەر هەموو شتێك بخوڵقێنی لەمیانی گوزارشتی جەستەی خۆیەوە، واتە دەبوو گوزارشت لە هەرسات و جوڵەو کردارێك بکات بەشێوەیەکی گوزارشتئامێزانە، هەروەك چۆن گرۆتۆڤیسکی دەڵێت( ڕۆڵی سەگ مەبینە وەکو سەگێکی ڕاستەقینە چونکە تۆ لەڕاستیدا سەگی ڕاستەقینەنیت بەڵکو هەوڵ بدە ڕۆڵی ئەو سیفەتانە ببینە کە لە سەگێکیدا بەدی دەکرێت)10.
لێرەدا توێژەر ئاماژە بەوە دەکات کە گرۆتۆڤیسکی کاتێك ڕاهێنان و مەشقی بەردەوامی بە ئەکتەرەکانی دەکرد لەمیانی ئاشکراکردنی خود، دەیویست بگاتە ئاستی تێکەڵکردنی هەردوو سلوکی مرۆڤ و سلوکی و ئاکارە بایۆلۆژیەکانی ئەکتەر لە شانۆو وهەروەها لەکاتی ئەداو گوزارشتکردن لای ئەکتەر، بۆئەوەی ئەکتەرێکی بەهێز دروست بێت کە توانای گوزارشتی جەستەیی و دەنگی لەناو پانتای بەتاڵی شانۆودا بەرچاو دیار بێت. کەواتە گوزارشتی جەستەیی لەلای ئەکتەر سنوردار ناکرێت بەهۆی بونی تێور و تێڕوانینە هونەرەکان، بەڵکو بنەما سەرەکیەکانی هونەری نواندن هۆکارن بۆ بەرەوپێشبردنی جەستەی ئەکتەر ، چونکە سەرئەنجام هەموو شتێک لەهونەری شانۆدا بەشێوەیەکی تەکنیکی مەبەست ئامێز بەکار دێت.

**2.1 تەوەرەی دووەم/ گرنگی گوزارشتی جەستەیی لە ئەدائی جیاواز لە شانۆی هاوچەرخدا**

**1.2.1 (پینە باوش)***

پینەباوش ئەو هونەرمەندەیە کە کارەکانی دەچنە قاڵب و فۆرمی شانۆی گوزارشت ئامێزو سەمای هاوچەرخ، پیبە باوش هەوڵیدەدا لەکارەکانیدا سەمای کلاسیکی و ، جوڵەو ئەدائی گوزارشت ئامێز بەشێوەیەکی ئازادانەو لە وێنەو چوارچێوەیەکی شانۆوی و درامیدا کۆ بکاتەوە، لەڕێگەی کارکردن لەسەر سەماو نواندن و توانستە فیزکیکیەکانی ئەکتەرو سەماکار پێکەوە.

پینەباوش لەبواری کاری شانۆدا کاری دەکردو سەرۆکی تیپی ( فوبرتاڵی ئەڵمان)ی بوو، لەمیانی پرۆژە هونەریەکانیدا بەڕونی کاری لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی کاری لەسەر تەنگەژەو کێشەو گرفتی ئافرەت و لایەنە شاراوە دەرونیەکانی مرۆڤ کردوە، کە زیاتر لەشێوەی تابلۆی گوزارشت ئامێزی جەستەی و سەمای درامی و نواندی شانۆی خۆی دەبینیەوە. جەستە لەلای باوش،( جەستە مرۆڤ ناجولێنێت، بەڵکو دەبێت هۆکارێك هەبێت بۆ جوڵاندنی جەستەی) 11، لێرەدا مەبەستی لە بونی کردارو ئامانج هەیە لە ئەنجامدانی هەرجوڵەیەك، هەروەها گوزارشتی جەستە وابەستە نیە بە شوێن و کات و ژینگەیەکی دیاریکراوەوە، هەروەها لەتێڕاونینی باوش جەستە ئازادە لەلای ڕەگەزی نێرو می و تەمەن ڕون و دیاریکراو نیە لە بەرهەمە هونەریەکاندا.

سەمای گوزارشت ئامێز ئەندێشەی ئازاد دەکات هەروەها بەشێوەیەکی گوزارشتی جەستەی دەردەخات، بۆیە لەمیانی مۆسیقاو ڕێتمەوە هەست و سۆزو هەڵچون و گوازرشت دروست دەکات بێگومان لە ڕێگەی جەستەوە. کەواتە ئەو جۆرە لە ئەداکردن، پێویستی بە ئەکتەری لێهاتو هەیە کە بتوانێت لە ڕێگەی لایەنی ناوەکی و دەرونی، یاخود لەڕێگەری ململانێی لەگەڵ ئەوانیترو لەڕێ کارکردنی لەسەر لایەنی دەرەکی جەستەی خۆیەوە گوزارشت بکات ،(( کارپێکردن جەستەو تواناکانی ڕادەوەستێت لەسەر توانانی درکپێکردن و هۆشیاری خەیاڵێ ئەکتەر لە ئازادکردنی جەستە و هاوکات لەمیانی کۆنترۆڵکردن و چۆنێتی بەکارهێنانی جوڵەو هەست و ئاماژە گوزارشتئامێزە جەستەیەکانی))12. بۆیە ئەکتەری هاوچەرخ لەم ڕۆژگارەدا پێویستی بە زانینی سەماو گوتنی گۆرانی و ڕەژنینی ئالەتی مۆزیکی و هەروەها پێویستی بە شارەزای هەیە لە جۆری نواندن و ئەو شێوازە شانۆیانەی کاری تێدا دەکات ، بەهەردوو شێوازی شانۆوی میوزیکاڵیکی وسەمائامیز لەگەڵ شانۆی درامی وباو.

---

*پینەرباوش: دەرهێنەرو کۆریۆگرافەرو سەماکارێکی هاوچەرخی ئەڵمانیە ، لە ١٩٤٠ لەدایک بووە ، لەمیانی کارکردن و نمایشەکانی ، زۆر گرنگی دەدا بە دەنگ و میوزیک لەگەڵ جوڵەو جەستەی سەماکارو ئەکتەر. پینە باوش باوەڕی بەکارکردن و تێکەڵکردنی ڕەزەگە درامیە شانۆیەکان بوو بە جیهانی سەمای هاوچەرخ . باوش لە مانگی شەشی ساڵی ٢٠٠٩ لەوڵاتی ئەڵمانیا دواجار کۆچی دوای دەکات.

MARIA SHEVTSOVA. SHOMIT MITTER.(2007).FIFTY KEY THEATRE DIRECTION.270MADISON AVENUE,NEW YORK,NY10016(TWICE),,P(173-174).

باوش چەمكی كاركردنی ئەكتەرو تواناو ئازادی گوزارشتی بەرەو پێش برد لە ڕێگەی ئاشكرا كردنی خودی ئەكتەرو، بەكارهێنانی جەستە، بەشێوازو ڕۆشنبیریەكی جەستەیی و شارستانی باڵاو جیاواز.(( بەكارهێنانی جەستە لەلای ئەكتەر لەسەرشێوازی پەیوندی جەستەكە بە خودی خۆیەوە ڕادەوەستێت))13، بەشێوەیەك كە ئەكتەر دەتوانی گوزارشت لە جەستەی بكات لەڕێی كاركردنی لەسەر لایەنی هەستی و ماسولكەی و عەقڵی خۆی. بەجۆرێک كە جەستەی ئەكتەری سەماكار، دەبێت جەستەیەی خۆی بێت بەڵآم جەستەیەكی هونەری لە گوزارشت لە لایەن و ناوەخنی هەموو جوڵەو ئاماژەو هێمایەكی مانادار ی ناوەكی ، واتە هەستی وجەستەی بكات.

لێرەدا تویێژەر ئاماژە بەوە دەكات كە گوزارشتی جەستەی لە شانۆی هاوچەرخدا، خاوەنی پانتایەكە لە ئمپرۆڤایس واتە لە ئیترجال و جۆرێك لە قوڵی لەئەداكردن و هەروەها لە گوزارشتكردندا.

بۆیە لە نمایشە سەماییە كلاسیكیەكاندا، دەبینین جەستە زیاتر ویست و حەزی لە سەپاندن و ڕێسا جێگیرەكانی سەما هەیە، بەڵام لەشانۆی ( پینەباوش)ئەم جۆرە ڕێسایانە جیاوازن و جەستە خاوەنی ئازادی و ئیترجالە لەكاتی گوزارشتكردندا، كەواتە شانۆیەكی تەنانەت درامی نیە بەتاڵ و خاڵی بێت لە لایەنی پیشاندان و گوزارشتكردن، چونكە ئەكتەری شانۆی هاوچەرخ ئەگەر هەر ڕۆڵێك ببینیت، ئەگەر تەنانەت سەرقاڵێ نواندن بێت لە شانۆی گۆرانی ئامێز یاخود سەماكردن دەبێت نمایشكارانە ڕۆڵەكەی ببینێت.

لەبەرئەوە هەروەك لەبەشی یەكەمی توێژینەوەكەدا ئاماژەمان پێكرد بەشێك لەكاری ئەكتەر بریتی دەبێت لە ئەنجامدانی مەشق ڕاهێنان وەمەیلی كاركردن و پەیداكردنی ئەزمون و شارەزای لەپێناو خستنەكاری جەستەی بەشێوەیەكی هۆشیارو داهێنەرانە.

هەربۆیە پینەباوش یەكێكە لەو سەماكارو دەرهێنەرە هاوچەرخانەی كاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕینی شێوازای ئەداكردنی ئەكتەر لەپێناو پێدانی ماوەو پانتایەی زیاتر بە گوزارشتی جەستەی گۆڕینی ئامادەگی ئاكتەر بەرەو ئاستێكی بەرزتر، پێش كەوتوتر. جەستەی گوزارشت ئامێز هێزو تواناو لێهاتوی دەبەخشێت بە بەرجەستەكار لەكاتی ڕۆڵبینین لەهەر كەسایەتیەكی درامیدا، لەڕێی كاركردن لەسەر ڕهەندە سەرەكیەكانی كەسایەتیەكە.

**2.2.1 (ڕۆبێرت ویڵسون)***

---

*ڕۆبێرت وێلسن: لە ئۆكتۆبەری ساڵێ ١٩٤١ لەوڵآتی ئەمەریكا لەدایک بوو، وێلسن بە دەرهێنەرێكی گەورەی بواری شانۆی ئەزمونگەری دادەندرێت، هاوكات نوسەرێكی میدیاییە، لەبنەڕەتدا ئەندازیاری تەلار سازی بوە ، ئەمە جگە لەوەی كاری كۆریۆگرافی و نواندن و دیزاینی ڕوناكی شانۆی ئەنجام داوە، خاوەنی چەندین پرۆژە نمایشی شانۆی بەناوبانگە، وێڵسن لە ستایلی كاركردنی زۆر گرنگی بەكارهێنانی ڕەگەزە تەكنیكیەكان دەدات ، هەروەها كار لەسەر زمانی جەستەو جوڵەی ئاكتەر دەكات وەكو بەشێک لە پێكهاتە سەرەكیەكانی پرۆژە شانۆیەكانی. المصدر السابق نفسه.Fifity key theatre directors.p(186-187)

دەرهێنەری ئەمەریکی جیهانی  ڕۆبێرت وێڵسون، ئەو دەرهێنەرەی پشتی دەبەست بە کارکردن لەسەر جیهانێک کە لێوان لێو بوو لە وێنەی تەشکیلی بەرجەستەکراو، تێڕوانینە هونەریەکانی ناونا شانۆی وێنە،( تەماشاکردنی وێنەی ژیان هەمیشە دەمێنێتەوە، بۆیە دیمەنە سروشتەیەکان  دەستکەوتێکی باشن بۆئەوەی لە هونەری شانۆدا بەکار بهێندرێن)14.

وێنەی شانۆی لەلای ڕۆبریت وێڵسون،(( بوارێك  دەرەخسێنێت بۆ گوازارشت و دەربڕینی درامی لەنێوان  زمانی وێنەی شانۆی لەگەڵ زمانی دیالۆگە شانۆیەکان))15، لەبەرئەوە شێوازی دەربڕین و گوارشتکردنی وابەستەیە  بە تەکنیك و خەیاڵ و توانای ئەکتەر لە بەرجستەرکردنی وێنەی شانۆیی بەشێوەیەکی ئیستاتیکی بەرزو ڕێکخراو بێگومان لەڕێگەی دەربرینی جەستەی ئەکتەرو ئەو کردارانەی لەڕێگەی جوڵەو جەستەوە گوزارشتیان لێ دەکردێت لە لایەن ئەکتەرو لە شانۆی ڕۆبێرت وێڵسوندا.

ئەداکردنی لە شانۆی وێنەیدا  پێوەرو خوێندنەوەو هەروەها شرۆڤەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، چونکە ڕەگەزە تەکنەلۆژیە هاوچەرخ و پێش کەوتوەکان  هەروەها بەرەوپێشچونی ڕوداوەکان لە سەرانسەری جیهاندا بووە مایەی بەخشین و پێش کەوتنی لایەنی تەکنەلۆژی و بەکارهێنانی ئەم بەرهەمە پێشکەوتوانە لە بوارەکانی، ڕەنگ، ڕوناکی مکیاژی شانۆیدا، (مەبەست لەشانۆی وێنەی تەنها بەکارهێنانی لایەنی تەکنیکی نیە، بەڵکو ویڵسون پێێ وایە  هەموو ڕەگەزێکی شانۆوی تەکنیکی لەشانۆدا  هەمان گرنگی و کاریگەری هەیە لەبەرهەمهێنانی کارێکی شانۆیدا، بۆیە تەکنەلۆژیا گرنگی و بایەخ دەدات بە زۆربەی بەرهەمە شانۆیە  پرۆفیشناڵەکان، کەواتە هەموو ڕگەزە تەکنیکی و تەکنەلۆژیەکان دەبنە مایەی پێدانی هێزو جوانی بە بەرهەمە شانۆیەکان بەشێوەیەکی دیارکراو جێگیر)16.

کەواتە شێوازو ستایلی وێڵسون لە شانۆی هاوچەرخدا شێوەو مانا دەداتە ئەکتەر لە کاروبەرهەمە شانۆیەکانیدا.

لەیەکێك لە وتارە شانۆیەکاندا کەدەربارەی نمایشێکی شانۆی کۆمیدی بوو بە ناونیشانی (١٩١٤) وێڵسون باسی تێکەڵکردنی دوو ڕۆمان دەکات کەئەوانیش ڕۆمان ( سەربازە وێنەکێشە ئازاکە) و ( دواڕۆژەکانی مرۆڤایەتی) وێڵسون ئاماژە ( بەو ڕوداوانە دەکات کەلە جەنگی جیهانی یەکەمدا ڕوویانداو ئەو پێی وایە هەموو ئەو ڕوداوانە ڕۆژانە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا دەیانخوێنینەوە هاوشێوەی هەموو ئەو ڕوداوەن کە جارێکیتر یاخود  پێشتر لەلایەن تەتەرەکانەوە ئەنجامدراون. تەنانەت ئەو ڕووداوانەش کە لەئێستادا ڕودەدەن)17، کەوایە کارو بەرهەمە شانۆیەکانی وێڵوسن، یاخود وێنەی ناو تابلۆ شانۆیەکانی بەدەرنیە لە  بونی ناوەڕۆك و سیمای پوچگەرایی ڕوداوەکان  چونکە لەم ڕێگەیەوە ئەکتەر خەریکی بەرجەستەکردنی  دیالۆگ و کردارە شانۆیەکانە، واتە  لەڕێی کارکردن لەسەر جیهانی وێنەو پێکهاتەی تەشکیلی و جوڵەی جەستەی ئەکتەر، بەجۆرێك کاری ئەکتەر بریتی دەبێت لە بونی هەمەئاهەنگی لەنێوان ڕوداو گوزارشتە دەنگی و جەستەییەکانی بەشێوەیەکی هەستیانە.

لەبەرئەوە گوزاشتی ئەدائی ئوکتەر لە وێنە شانۆیەکاندا زیاتر فراوان دەبێت و ئوکتەر زیاتر پەنایان بۆ دەبات لەکاتی ڕۆڵ بینین لە کەسیایەتیە شانۆیەکاندا، بەجۆرێك ئوکتەر پەنا بۆ بەکارهێنانی ڕەنگ و مکیاژو جل وبەرگ و ئێکسسوار دەبات بۆ پیشاندانی وێنەی کەسایەتی ناوشانۆنامەکان. بۆیە لەلای ڕۆبێرت وێڵسۆن ئوکتەر لەڕێگەی ئەم ئامرازانەوە خەریکی پیشاندانی وێنەیەکی شانۆی ئەبسۆردو پوچگەرایە بەشێوەیەکی تاڕادەیك کۆمیدی و ڕەخنە ئامێز، ئەو دەیەوێت ناخی مرۆڤ لەڕێگەیەوەو چەندین مانای جیاواز پیشان بدات، هەموو ئەمانەش لە بەهۆی دەربڕین و گوزارشتە جەستەیی و دەنگیەکانی ئەکتەر پیشان دەدرێتن.

ئەکتەر لەشانۆی وێڵسوندا گرنگی دەدات بە دەربڕین و گوزارشتی جەستەی لەکاتی بەکارهێنانی دەنگ و زمانی جەستەی، بۆیە ئەکتەر گۆرانی دەڵێت ، سەمادەکات لەگەڵ ئەو پێکهاتانەی پانتای پیێ پردەرکرێتەوە،(ئەکتەر بەواتای دەنگ و جەستەیەك دەێت کە پانتای شانۆ دەبرێت و شوێنێك بۆ خۆی داگیر دەگات،[..] لەپێناو بونیادنان و ڕێکخستنی دژ بەیەکەکان)18 ، مەبەست لە دژبەیەکەکان واتە ئەو جیاوازیانەیە دەگرێتەوە کە بەشێکە لەستایلی نواندن کەئەمەش بنەمایەکی سەرەکییە لە شانۆێ وێنەیداو ئامانج لێی ئاشکراکردنی پانتایەکی ئەدائی و بابەتەتیە کە پەیوەندی بە لایەنی هونەری و خوڵقاندنی جیهانێکی تەلیسماوی لێوان لێو لە وێنەی شانۆیی.

کەواتە گوزارشتی جەستەیی لەلای ئەکتەر لێرەدا تواناکانی خوی ئاشکرا دەکات لەمیانی مەشق و ڕاهێنانی ڕۆژانەی و بەردەوامبونی لەو وۆرك شۆپانەی دەربارەی ئامادەکاری کارەکانی ئەنجامیان دەدات دەربارەی شێوازی جوڵەو ئاماژەو جوڵەی ئەکتەر، بەڵام(( وێڵسون شیکردنەوەی بۆ ماناو دیمەنە شانۆی و تابلۆ هونەریەکان نەدەکرد ، ئەو داوای شێوازێکی دیاریکراوی دەربڕین و گوزارشتی جەستەی نەدەکرد بەڵکو وێڵسون داوای لێدەکردن و چۆن هەستن و دانیشن ، چۆن جستەیان بەشێوازێکی مەبەستئامێز و دیاریکراو بەکار بهێنن))19، ئەمە گەواهی دەدات لەسەر بونی ئازادی ئیمرۆڤایس، واتە ئیرتجال لەنواندندا لەلای ڕۆبێرت وێڵسۆن ، بۆیە بەپێێ تێڕوانینەکانی ئەکتەر وابەستەیە بە پیشاندان و بەکارهینانی توانای جەستەیەکانی بەشێوەیەکی داواکراو کەبگونجێت لەگەڵ دیمەنە شانۆیەکاندا.

لێرەدا توێژەر ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەگەزە تەکنیکیەکان لە نمایشی شانۆی هاوچەرخدا پێگەو کاریگەری ئەکتەر کەم ناکاتەوە هەرچەندە ڕەگەزو لایەنە تەکنیکیەکانیش ببە مایەی بەرەو پێشچون و گۆڕینی وێنەی ناو دیمەنە شانۆیەکان، چونکە جەستەو جوڵەی ئەکتەر هێشتا لەسەرو هەموو ڕەگەزە هاوچەرە شانۆیەکانیترەوەیە.

ئەکتەر لەکارە شانۆیەکانی ڕۆبرێت وێڵسون نمونەیەکە کە دەتوانێ گوزارشتی جەستەی و دەنگی و هەڵچونەکانی خۆی پیشانبدات(( ئەکتەر هاندەدرێت ئەدایەکی ئاسای وگوزارشتێکی ئازادانە هەڵبژێرێت، هەروەها داوای لێدەکرێت

توانست و لیاقەیەکی جەستەیی تەواو هەروەها توانای ئەنجامدانی جوڵەی لەسەرخۆی هەبێت بۆ ئەوەی بینەر توانای تێرمان و لێوربونەوەی بۆ دروست بێت))20.

ڕۆبێرت وێڵسون ئاماژە بۆ گرنگی بونی ئەکتەر دەکات لە شانۆدا، ( بەجۆرێك لە بەشێکی زۆر لەکارە شانۆیەکانیدا تاڕادەیەك هەست بە نائامادەگی نوسەر دەرکرێت چونکە نمایشە شانۆیەکانی لەسەر بنەمای جوڵەو جەستەی ئاکتەر لەناو پانتای شانۆدا بنیادنراوە)21.

**3.2.1 (مارسیل مارسۆ )***

مارسیل مارسۆ ئەکتەرو دەرهێنەری فەرەنسی وجیهانی ، ناوبانگی دەرکرد لەبوانی نواندنی بێ وشەو جوڵە ئامێز مارسۆ کەوتبوە ژێر کاریگەری ئاکتەری بەناوبانگی بەریتانی و جیهانی ( چارلی چاپلن)، کاروبەرهەمەکانی مارسۆ دەکەوێتە هەردوو سەدەی بیست و بیست ویەك. مارسۆ پێشەنگی هاوڕێ و هاوسەردەمەکانی خۆی بوو لەبواری نواندنی بێدەنگ، کارەکانی لەڕوی فۆرمەوە تێکەڵ بوو لە هونەری مایم و پانتۆمایم کەهەردوو شێوازەکە لەنواندن و دەربڕین لە شانۆی هاوچەرخدا پشت دەبەستێت بە توانستی ئەکتەرو گوزارشت بەشێوەیەکی پێگەیشتو کامڵ.

ئەداکردن لەلای مارسۆ، پشت دەبەستێت بە دەربڕینی جەستەی و خستنەکاری هەموو بەش لایەنە ماسولکەی و هەروەها هەڵچونە دەرونی و سۆزداریەکانی ئەکتەر لەپێناو بەرجەستەکردنی ئەو کەسایەتیەی ئەکتەر ڕۆڵی تێدا دەبینێت، هەروەها بەکارکردنی ئەکتەر لەسەر پیشاندانی سیفاتەکانی کەسایەتیەکە لەڕێگەی گوزارشتی دەم وچاو جوڵەی جەستەی.

مارسیل مارسۆ لەیەکێ لە وتارەکانیدا ئاماژە بە گرنگی و توانای ئەکتەر ئەم بوارە دەدات،( بینەری شانۆی بێ وشە پشت دەبەستێت بە خەیاڵی بۆ تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن لەنمایش، بۆیە ئەکتەری ئەم بوارە پێویستی بەوەیە کە گوزارشت لە شتە بیندراوەکان بکات بەشێوەیەکی نەبیندراو وە جارێکتر شتە نەبیندراوەکان بکاتەوە بە بیندراو لەپێش چاوی بینەر لەڕێگەی ئەو کەسایەتیەی ڕۆڵی تێدا دەبینێت)22.

---

*مارسیل مارسۆ: لە مانگی ٣ ساڵی ١٩٢٣ لەدایک بووە، مارسۆ بە ئەکتەرو دەرهێنەرێکی بەناوبانگی فەرەنسی دادەنرێت، لەماوەی ژیانی هونەری خۆیدا بەناوبانگترین ئەکتەری بواری نواندنی بێدەنگ بوو، واتە بە نواندنی مایم ناوبانگی دەرکردبوو،هەروەها خاوەنی چەندین شاکاری هونەریە لەم بوارەدا، مارسۆ بەدرێژای ماوەی کارکردنی لەشانۆدا بایەخێکی زۆری بە زمانی جەستەو جوڵەوگوزارشتە جەستەیەکانی ئەکتەر دەدا لەسەرتەختەی شانۆ،لە سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٧دا کۆچی دوای کردوە.
BEN MARTIN.(1978).MARCEL MARCEAU MASTER OF MIME.PADDINGTON, PRESSMIME(UK) ,P( 1).

کەواتە خەیاڵێ بەجەستەکراو، بەشێکی سەرەکی و گرنگە بۆ دروستکردنی تەوەهوم و وێنەی بیندراو لەرێگەی پێدانی ئاماژەی عەقڵی بە جەستەی ئەکتەری شانۆی بێ وشە، لەبەرئەوە مارسۆ پێیوابوو جەستە پێویستیەکی سەرەکیە لەپێدان و دروستکردنی مانا لەسەر تەختەی شانۆ، لەرێگەی جەستەی ئەکتەرەوە جیهانێک لە خەیاڵ و ساتی گوزارشتئامێز دروست دەکرد لەیەك بەیەکی ئەو ساتانەی لە نمایشەکانیدا پیشانیدەدا. بەجۆرێك لەکۆی گشتی نمایشەکانیدا مارسیل مارسۆ دەربڕین و گوزارشتە جەستەیەکانی ئەکتەری دوبارە نەدەکردوە، بەڵکو لەهەر نمایشێک جوڵەو جەستەی ئەکتەری بە جیاوازی لەئاستێکی باڵادا پیشان دەدا لەکاتی نواندندا. لەبەرئەوە جەستەی تەکنیکی و بیرکەرەوە، پیشت دەبەستێت بە لایەنی تەکنیکی و توانستی فیزیکی، لەگەڵ ئەو لایەن و ڕەهەندە هەستی و سۆزداری، یاخود هەڵچونانەکانی، نەک تەنها پشت بەستن بە نمایشکردنی جوڵەی جەستەی ئەکتەر وەکو (نمایش). پانتای شانۆ لای مارسۆ، پانتایەکی ئازادە ،واتە خاڵیە لە بونی دیکۆری ئاڵۆزو گەورە، چونکە مارسۆ وەکو ئەکتەر تابلۆ هونەری و دیالۆگ و شوێن و ڕوداوەکان لەناو پانتای شانۆدا لەرێگەی جەستەوەیە پیشان دەدات، واتە مارسۆ لەرێگەی کارکردن لەسەر گۆڕانکاری دۆخ لەسەر ستەیج و توانای خۆی وەکو ئەکتەر زیاتر بۆتە مایەی سەرنج لەلای بینەرو دروستکردنی پێگەیەکی گرنگ بۆ خۆی وەکو ئاکتەر.

ئامرازەکانی ئەداکردن لەلای مارسیل مارسۆ بریتیە لە بونی خێرای و کارامەی لەکاتی ئەنجامدانی جوڵە بە جەستەی، هەروەها گرنگی دەدات بە پیشاندان و دەرخستنی گوزارشت لەرێ دەم و چاو مکیاژو بەکارهێنای ڕەنگی سپی بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر ڕوکەشی دەوم چاوی لەپێناو دەرخستنی گوزارشت و هێل و بەشەکانی دەم و چاوی،( پێویستە ئەکتەر گرنگی بە توانستە فیزیکی و جەستەیەکانی خۆی بدات بۆ ئەوەی بتوانێ لەئاستێکی باڵادا گوزارشت بە هێڵەکانی دەم وچاوی باکات و بەئاسانی کۆنترۆڵیان بکات لەکاتی نواندندا)23.

مارسۆ لەهەمانکاتدا ئەکتەرێکی کۆمیدی جادە، واتە ساتەوەختی پێکەنیناوی دەخوڵقێنێت لەسەر شانۆ بەشێوەیەکی توند و کاریگەر، بۆیە لەزۆربەی نمایشەکانیدا گوزارشت لە شت گەڵێك دەکات بەڵام بەشێوەیکی گرۆتیسکی مەبەستی لە پیشاندان و دەرخسنتی شت گەڵێکیترن. ئەمەش گەواهی لە گرنگی و بایەخی نواندنی جدی و جوڵە ئامێز دەکات لەلای مارسیل مارسۆ،( پانتۆمایم هونەرێکی جدیە، یاخود هونەرێکی جوڵەئامێزی بێ وشەی جدیە، کە دەبێتە هۆی دروستکردن و دەرخستنی تواناو لێهاتوی ئەکتەر ، واتە نواندنی بێ وشە لەنێو ستایلە جیاوازەکانی نواندنی شانۆدا وا لەئەکتەر دەکات بتوانێت گوزارشت لە بچوکترین سات بکات لەرێگەی هێڵ و پارچەو بەشەکانی دەم وچاو جەستەیەوە، کەواتە پانتۆمایم ئامرازێکە بۆ پیشاندانی گوزارشتی جەستەی لەلای ئەکتەر)24.

کەواتە گوزارشتە جەستەیەکان لەلای مارسۆ، بریتیە لە چۆنێتی بەکارهێنان و دابەشکردنی بەشەکانی جەستەی ئەکتەرو کارکردن بۆ بەستنەوەی جوڵەوئاماژە جەستەیەکان بە دۆخ و سیفاتەکانی ئەو کەسایەتیەی کە ڕۆڵی تێدا دەبینێت، بۆیە مارسۆ پشت بەقاڵبونەوەو لێهاتوی ئاکتەر دەبەستێت لەکاتی ئەنجامدانی جوڵە جیاوازەکان لەکاتی نواندندا، بۆیە( شێوازی ئەنجامدانی جوڵە لە شانۆی پانتومایمی فەرەنسیدا لەئاستێکی تەکنیکی بەرزدایە، لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازە تەکنیکیەکان لەپێناو خوڵقاندنی نمونەیەکی دیاریکراو کاریگەر لە شێوازی ڕۆشتن و دانیشتن و هەموو ئەو جوڵە تەلیسماویانەی کە دەبنە هۆی دروستکردنی جۆرێك لە تەوەهم لەلای بینەر ، ئەگەر چی لە هونەری پانتۆمایم سەرچاوەی جوڵەو ئاماژەکان لە کەسایەتی و ئاکارو سیفاتەکانی خودی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەی گرتوە بەڵام هاوکات لە هونەری پاتنۆمایمی فەرەنسیدا ئەو جوڵەو ئاماژانە جارێکیتر لەڕێگەی جوڵەو لێهاتوی ئاکتەرەوە لە بەرگێك و فۆرمێکی هونەری بەرزدا لەلایەن ئاکتەرەوە نمایش دەکردێت)25.

### 3.1 گرنگترین خاڵەکانی چوارچێوەی تێوری

١ - بایەخ و گرنگی گوزارشتی جەستە پشت دەبەستێت بەسەر دوو لایەن کە ئەوانیش بریتین لە:

أ - لایەنی ئەدائی، کەپشت دەبەستێت بە زنجیرە ستایلیکی شانۆی جۆراوجۆر و گوزارشتی جەستەی ئەکتەر لەپێناو دەرخستنی لایەنی ئەدائکردن لەلای ئاکتەر.

ب - لایەنی تەکنیکی کەوا لە جەستەی ئەکتەر دەکات لەڕوی هونەریەوە بەرەوپێش بچێت لەمیانی ئەنجامدانی ڕاهێنان و پەیبردن بە تواناکانی جەستە لەڕێی خودی ئەکتەر خۆیەوە.

٢ - هۆشیارو ڕێکخستنی ڕەهەندە ناوەکیەکانی ئاکتەر( هەست وسۆر، لایەنی سۆزداری، هەڵچون و، خەیاڵاندن) لەگەڵ لایەنی دەرونی ئەکتەر، هەرچی لایەنە دەرەکیەکانی دەرەوەی ئەکتەر هەیە بریتین لە( هێڵ و بەشەکانی دەوم چاو، سەر، دەستەکان، پێکان، لەگەڵ دۆخە جیاوازەکانی جەستە)ئەو دوو جۆر لە ڕەهەند یارمەتی ئەکتەر دەدات لە چەمک و ماناو گوزارشتی جەستەی تێبگات.

٣ - ئەو ئەکتەرە بەهرەمەندو ڕاستگۆیەی کە مەیل و حەزی هەبێت بۆ نواندن، دەتوانی گوزارشت لە هەموو ساتە درامی و شانۆیەکان بکات لە ڕێگەی ئەو توانستانەی لە لەمیانی ڕاهێنان و ئەزمونی کارکردن و شارەزای لخۆیەوە بەدەستی هێناون، واتە دەتوانی سەرجەم دەستکەوتە هونەریەکانی خۆی لەپێناو بەکارهێنانی دەربڕین و گوزارشتی جەستەی بەکار بهینێت.

٤ - ئەکتەر و نواندن و هەردوکیان کار لەسەر ڕەهەندەکانی کەسایەتی دەکەن بۆیە پێویستە لەسەر ئەکتەر هەموو تواناکانی خۆی بخاتە گەر لەپێناو بەکارهێنانی جەستەو ئەنجامدانی جوڵەو ئاماژەو هێما لەڕێگەی جەستەی خۆیەوە، هاوکات جەستە بکاتە ئامرازێک بۆ هاندان و جوڵاندنی لایەنی هەست و سۆزیەکانی ، بەشێوەیەی هونەری و هاوچەرخانە لە نمایشە شانۆیەکاندا بەکاریان بهێنێت.

٥ - ستایلە نوێکان لەشانۆدا بوارو پانتایەکی فراوانتر دەرەخسێنن بۆ ئەکتەر هەتا بتوانی گوزارشت لەجەستەی بکات، بەتایبەت بۆ ئەکتەری شانۆی و سەماکار لەگەڵ ئەکتەری پانتۆمایمی هاوچەرخ . یاخود هەر ئەکتەرێک کە زیاتر لەڕێی کارکردن لەسەر جەستەی هەوڵی دەبڕین و گوزارشتی شانۆیانە دەدا، واتە سەرجەم ئەو فۆرمە شانۆی و نواندنانەی پشت بە جەستەی دەبەستن ، ئەکتەر دەبێت لەم فۆرمەمە هونەریانەدا بتوانێت بەباشی گوزارشت لە هەموو سات دۆخە شانۆیە جۆرواجۆرەکانی ناو دیمەنە شانۆیەکان بکات، هاوکات لەپاڵ ئەمانەشدا دەبێت بتوانی گۆرانی بڵی و تەنانەت تواناى ژەنینی ئامێری میۆزیکی هەبێت.

٦ - جەستەی ئەکتەر پەیوەندی هەیە، یاخود پەیوەستە بە سروشتی دووەمەوە، واتە بەو سروشتەی کە لەڕێی ئەزمون و گەڕان و خوێندنەوەوە پێی گەیشتوە، بەجۆرێك ئەم جۆرە جەستەیە پشت نابەستێت بە ڕەگەز و شێوەو ڕۆشنبیریەکی دیاریکراوی تایبەت بە ناوچەیەك، واتە خاڵیە لە هەموو پێکهاتەیەکی سروشتی و خۆرسکی یاخود ناوچەی، بەڵکو جەستەیەکە پەیوەستە بە ژینەگەیەکی شانۆیانەوە، چونکە جەستەیەکی هونەریە.

## تەوەرەی سێهەم/ بەجێهێنانی توێژینەوە

1.1 **کۆمەڵگای توێژنەوە/** هەموو نمونەکانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە لە ساڵی (٢٠٠٠هەتا٢٠١٠).

2.1 **نمونەکانی توێژینەو/** توێژەر نمونەی بەمەبەستی بەکارهێناوە لەم توێژینەوەدا، لەپێناو ئاراستەبوونی بەرەو ئامانجی توێژنەوەکە. لەڕێگەی دەتنیشانکردنی سێ نمایشی هونەری پینەباوش، (ڤۆلمۆنت، پەیوەندیکردن قاوەخانەی مۆلێر)، هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم نمونانە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی هەر یەکێک لەم نمایشانەو کاریگەریان لەسەر ئاکتەر لەچۆنێتی بەکارهێنانی جەستەو گوزارشتی جەستەی لەکاتی نواندن و ئەداکردندا ، هەروەها ئەم نمایشانە هەڵگری سیفاتی زانستی و ئەکادیمین لەرووی ئاست و کوالێتیەوە.

3.1 **میتۆدی توێژینەوە/** توێژەر میتۆدی وەسفی بۆ شیکردنەوەی نمونەکان بەکارهێناوە

4.1 **ئامرازەکانی توێژینەوە/** توێژەر لەم توێژەنەوەیەدا سودی لەگرتەی ڤیدیۆی ویبساتی یوتیوب وەرگرتوە بەتایبەت بۆ بینین و وەرگرتنی ساپڵی نمایشە هونەریەکانی پینەباوش.

## 5.1 شیکردنەوەی نمونەکان

1.5.1 نمایشی شانۆی (**بەناوی ڤۆڵمۆد**)

گرنگی ئەم نمایشە لەوەدایە کە پینەباوش سێ ئاست لە ئەداکردن و تەکنیك بەکار دەهێنێت بۆ ئەکتەرەکانی لەئاستی یەکەدا باوش کاری لەسەر جەستەی ئەکتەر کردوە وەکو ئامرزاێك بۆ ئەنجامدانی سەماو جوڵە گوزارشتئامێزەکان.
لەئاستی دووەمدا پینەباوش پشتی بە بەکارهێنانی دەنگی ئەکتەرو گۆرانی و دەربڕینی دەنگی بەستوە.
لەئاستی سێهەمیشدا کاری لەسەر نواندنی لەکەسایەتی و دۆخی جۆرواجۆرو تواناى دەربڕێن و گوزارشتکرن کردوە لەلای ئەکتەرەکان.

کارکردن لەسەر ئەو سێ جۆرە لەئاست و تەکنیك لەلای باوش ئەوە دەردەخات کە ئەکتەر لە شانۆی هاوچەرخدا دەبێت لەیەک کاتدا تواناى سەماکردن و گۆرانی گوتن و هەروەها نواندنی هەبێت لە هەموو ئەو دیمەن و دۆخە شانۆیانەکی کە کەسایەتیەکانی ناو شانۆنامەکان دەیخولقێنن.

ئەم نمایشە زیاتر پشت بە جەستەی ئەکتەر دەبەستێت بەتایبەتیش توانست و لێهاتوی و لیاقەی ئاکتەر هۆکاری سەرەکیە بۆ پارێزگاریکردن لە ڕیتمی نمایشەکە لە ڕێی ڕیتمی جەستەی ئەکتەرو سەماکارەکانی، چونکە جەستەی ئاکتەر لەم نمایشەدا ئامرازی یەکەمە بۆ پیشاندانی ئەو فەزایەی نواندنی تێدا ئەنجام دەدەن و هاوکات سەرجەم پەیوەندی نێوان کەسایەتی و کاراکتەرەکان تەنها لەڕێگەی بەریەك کەوتنی جەستەی ئەکتەرەکانەوە ڕوندەبێتەوە.

هاوکاری دووەم لەم نمایشەدا ئەو پانتایە شانۆیەیە کە لەڕێی جوڵەی ئەکتەرو شوێن و لایەنی زەمەنی کاری لەسەر کراوە، لەگەڵ ئەو کەشە گشتیەی لە ڕێی سینۆگرافیاو ڕەگەزە شانۆیەکانی ترەوە پینشانداراوە.

لەبەرئەوە ستایلی (پینەباوش) لە دوو پانتایدا خۆی دەبینێتەوە، پانتای شانۆی، لەگەڵ پانتای تەکنیکی، کە ئەمە بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاماژەیە بۆ ستایلی دەرهێنان لەلای پینەباوش، لەپانتای یەکەمدا باوش کار لەسەر جوڵەو جەستەی ئەکتەر دەکات، لەگەڵ ئەو بیرۆکانەی لەنێو نمایشەکانیدا پیشانیان دەدات.

ناونیشانی ئەم نمایشە ناوەڕۆکێکی کەشئامێزو کەرناڤاڵێ شەوانە لەخۆ دەگرێت ، مەبەست لە ناوەڕۆکی کەشئامێز زیاتر ئاماژەکردنە بە بونی حەزو ویستی سێکسی لەلای مرۆڤ و بەدیاریکراویش مەبەست لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاوە. ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەردوو ڕەگەز ، لەناو خودی خۆیاندا هەست بەچی دەکەن و هەروەها پێویستیان بەچیەو چۆن گوزارشت لە ویست وحەزەکانیان دەکەن.

بۆیە هەندێکجار سەرتەختەی شانۆو دابەش دەبێت بەسەر سێ تابلۆی وێنەئامێزدا، هەر سێ دۆخە و تابلۆکان بەهاوکاری سەماکردنی گوزارشتئامێز بە گروپ ، یاخود لە ڕێی کۆمەڵەتابلۆیەك دروست دەبن کەنواندن بەشێکی

سەرەکیە تیایاندا، بەجۆرێك کە هەرئاکتەرێك بۆ خۆی بەشێوەیەکی سەرەکی خاوەن هەست و لایەنی هەڵچون و سۆزداریانەیە بەپێی ئەو سات و دیمەنانەی کە ئاکتەرەکان خۆیان دەخولقێن و نواندنی تێدا دەکەن.

بەشێوەیەك دیالۆگ و جوڵە شانۆیەکانی ئەکتەرەکان لەم نمایشەدا نابنە مایەی دروستکردنی پەرتەوازەی ، چونکە هەمیشە دیالۆغ بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەسەر زاری کەساتی سەرەکی (سۆلۆ) دەردەبڕێت، هەروەها دیالۆگە شانۆیەکان بەگشتی دووبارە نابنەوە وەک جوڵەو ئاماژە جەستەیەکان ئەوەش بەشێکە لە ستایلی کارکردنی (باوش)و دوپاتکردنەوە گرنگی کردارو جوڵەیە بەشێوەیەکی مەبەست ئامێز لە نمایشەکانیدا.

دوبارەکردنەوەی جوڵە پەیوەستە بە دوولایەنەوە ، یەکەم بۆ دوپاتکردنەوەی ئامانج لە ئەنجامدانی کردارو جوڵە دوومیش پەیوەندی هەیە بە پیشاندانی گرنگی جەستە وەک ئامرازیك بۆ پیشاندان و گوزارشتکردن لە کردارو جوڵە لەلای ئەکتەر.

لەبەرئەوە دیالۆگی شانۆیش ئامرازێکی ڕاستەوخۆیە بۆ گواستنەوەو تێگەیشتن لە جۆری زانیاریەکان، بەڵام زمانی دەربڕینی جەستەی پێویستی بە دوپاتکردنەوەی ئاماژەو هێماو دابەشکردنی گوزارشتەکە هەیە بەسەر لایەنی زەمەنی و ڕیتم و ماوەی ئەو جوڵەیەی ئاکتەر ئەنجامی دەدات بۆ پیشاندانی گوزارشتی جەستەی خۆی.

لەبەرئەوە زمانی جەستەی ئەکتەر دەبێت هەمیشە ڕوون و ئاشکرا بێت لەلای ئەو کەسانەی دەزانن شانۆ چیە، بۆیە ئەوجۆرە زمانە پێویستی بە تێگەیشتن لە جەستە هەیە لەڕووی پێکهاتەیی و لەڕووی ئەو ژینگەیەی کە جەستەکەی تێدا دروست بووە، هەروەها دەبێت تێبگەیت لەو زمانە مرۆڤانەیەی کە ئاکتەر دەتوانێت لەڕێگەیەوە، بگات بە زمانی هێماو ئاماژەکان، چونکە زمانی جەستە لە ڕێگەی ئاماژەی هەستی و دەرونی و فیزیکی ئەکتەرەوە دەگاتە بینەر، ئەم بیروڕا هونەریە لەم نمایشەدا بە تەواوی بەدی دەکرێت.

لەبەرئەوە ئەنجامدانی جوڵە لەلای ئەکتەر لەنمایشە شانۆیەکانی باوش تاڕادەیەك ئازادەو گرژی ماسولکەی لەخۆ ناگرێت، ئەمەش زیاتر لەڕێ جل و بەرگی ئەکتەرو ئەو پانتایە هەستی پێدەکرێت کە بۆ نواندنی ئەکتەرەکان ڕەخسێندراوە. وتەو جوڵەو جل و بەرگ و ڕەهەندی کاراکتەرەکان هەموو پێکەوە هەلێك بۆ ئەکتەر دەرەخسێنن هەتا بتوانێت جۆرێك لە هارمۆنی دروست بکات لەنێوان ئەو جوڵەو گوزارشتە جەستیەکانەی ئەنجامی دەدا لەگەڵ ئەو سات و دۆخە تایبەتانەی دەربڕین و نواندنی تێدا دەکات.

لەنمایشەدا ئامادەگی و ڕۆڵی ئەکتەر پەیوەندی هەیە بە پێویستیە گەردونیەکانی لەو شەوەدا، بەجۆرێك ئافرەتی جوان و ناشرین و گەنج و خاوەن دەسەڵات و عاشق و تەنها، هەموویان پێویستیان بە گوزارشتکردن هەیە لە خودی

خۆیان، ئەو نمایشە زیاتر تیشك دەخاتە سەر گرنگی گوزارشتکردن لە ڕوح و جەستەی مرۆڤ. بۆیە ئەکتەر لەم نمایشەدا لەڕێگەی نواندن و تواناکانیەوە جەستەی بەشێوەیەکی گوزارشت ئامێز بەکار دەهێنێت بۆ دەربڕینی ئەو دۆخانەی ئاماژەمان پێکرد، کەواتە جەستەی ئەکتەر لەلای پینەباوش توانانی دروستکردنی سات و پێدانی وێنەیەکی تەواو پێگەیشتوی کردارو دۆخە شانۆیەکانی هەیە.

### 2.5.1 نمایشی شانۆی (**پەیوەندی کردن**)

زمانی جەستە لەم بەرهەمە شانۆیەدا گوزارشت لە پەیوەندی و کۆمیونیکەیشن دەکات لەنێوان کاراکتەرەکان لەم ڕێگەی چاو، دەست ، لەگەڵ قاچ و سەرو هەموو ئەو ئامرازانەی بەشێکن لە زمانی جەستەی لەمرۆڤدا.

پینەباوش لەم بەرهەمەیدا پشت بە بەکارهێنانی ئەو ئەکتەرانە دەبەستێت کە تەمەنیان هەڵکشاو پیرە، بۆیە بەکارهێنانی زمانی جەستە لەم نمایشەدا زیاتر تویژێکی دیاریکراو دەگرێتەوە ، بەڵام باوش دەیەوێت بڵێ گوزارشت و زمانی جەستە لەشانۆدا نابەسترێتەوە بە تەمەنەوە، بەڵکو ئەکتەر زیاتر وابەستەیە بە پرۆسەی ئەداکردن و ئاستی گوزارشتی جەستەی لەگەڵ ئەوانیتردا، لەڕێگەی ئەو ڕاهێنان و مەشقانەی جەستەی ئەکتەری پێ پەروەردەو ئامادە دەکرێت.

ئەکتەرەکان لەم نمایشەدا ڕۆڵی پیاو ئافرەت دەبینن، ئەمەش سیمایەکی گشتی یە لە نمایشەیەکانی پینە باوشدا جەستەی ئەکتەرەکان لەم نمایشەدا گوزارشت لە کردار ڕووداوەکانی ڕابردوو ئێستا دەکات، واتە بەئاشکرا لەمیانی نمایشەکەوە تەواو هەست بە ژیان و مردن و ئامادەی و هاوکات نائامادەگی بونی مرۆڤ دەکەین، بەجۆرێك زمانی جەستە لەم نمایشەدا گوزارشت لە زیاد لە حاڵەتێکی ئینسانی دەکات.

بەشێك لەم نمایشە باسی ئەوەدەکات کە جەستەی ئەکتەر هەمیشە بەردەوامە لە گوزارشتکردنی خۆی بەشێوەیەکی بەرفراوان، بەومانانەی کە جەستە لێرەدا بەهۆی ئەنجامدانی جوڵەو ئامادەی ساناو ئاسایەو مانای گەورەو قوڵ دەگەیەنێت، جەستەی ئەکتەر لەنمایشەدا هەوڵدەدات مەودایەکی باش بۆ خۆی تەرخان بکات هەتا بتوانێ بەباشی ئاماژەو جوڵەو کردارەکان ئەنجام بدات، لەپێناو دروستکردن و خوڵقاندنی ساتە شانۆیەکانی ناو نمایشەکە، بەجۆرێك گوزارشتەکان سادەو سانان بەڵام ئەوکردارانەی ئەنجامی دەدەن زیادەڕۆ وگەورە کراون.

لەهەمان کاتدا ئەم نمایشە هەڵگری چەندین پەیام و مانایە لە ڕێی ئەو تابلۆو دیمەنانەی ئەکتەر لەڕێی کارکردنی لەسەر گوزارشتی جەستەی کاری لەسەر کردون وپیشانیان دەدات، بۆیە زۆرجار لەبەشێك لە دیمەنەکاندا

ئاكتەرەكان لەڕێگەی ئەنجامدانی هەمان جوڵەو هەمان تەكنیك نواندن دەكەن، بەتایبەتیش لەڕێی كاركردنیان لەسەر هەمان كۆمپۆزشن و هەمان تابلۆی سەما كە پیشان دەدرێت

بەڵام ئەدای ئەوئەكتەرانەی كە بەشێوەی سۆلۆی یەك كەسی دەردەكەون ئامانج لێی دوپاتكردنەوەی كردارە شانۆیەكانی ناو نمایشەكەیە لەمیانی ئەو جوڵە جەستەیانەی كە پشت بە هێماو ئاماژەی فیزیكی ئاكتەر دەبەستێت لەناو پانتای شانۆیەكەدا.

بۆیە دەربڕین و گوزارشتی جەستەی لەلای ئەكتەر بەشێوەیەكی چەق بەسەتو نیە لەسەر تەختەی شانۆ، بەڵكو جەستە هەمیشە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ سەرجەم ئەو ساتە هونەرەیانەی لەسەر ستەیج بونیان هەیە، كەواتە بەشێك لە پەیامی ئەم نمایشە دەیەوێت پێمان بڵێت، جەستەی ئەكتەر هەمیشە لە پەیوەندی بەردەوامدایە بەپێی ئەو كردارو دۆخ وساتە داواكراوانەی كە نمایشەكە دەیخوازێت، بۆیە ئاكتەر بەشێوەیەكی گشتی توشی پچڕان و دابڕان نابێت لە گوزارشتە جەستەیەكانی.

پێنە باوش، لەم نمایشەدا جۆرێك لە جیاوازی لە قەبارەو شێوەی ئەكتەرەكانیدا بەدی دەكرێت، بۆیەنمونە كەسایەتی لاواز، بەخۆ، كورت و درێژ. بەڵام هەموو پێكەوە خەریكی گوزارشكردنن لە كردارو جەڵەكانیان بەشێوەیەكی یەكسان.

لەبەرئەوە هێزو لێهاتوی تەكنیكی جەستە كاریگەری تەواو قوڵی لەسەر گوزارشتی جەستەی و شێوازی ئەداكرد دروست كرد لە فەزای شانۆی بەتاڵدا، واتە بەتەنها جەستە بووە ئامرازێكی تەواو بەهێز لە پانتای شانۆدا، بەجۆرێك جەستەی ئەكتەر بەشێكی زۆر لە تابلۆ هونەریە شانۆیەكانی ناو دیمەو نمایشە درامیەكان پێک دەهێنێت، بۆیە ئەكتەرەكانی ئەم نمایشە بەپێی تەمەنیان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی چەندین جوڵەی جومناستیكی و ئەكرۆپاتیكی جۆراوجۆر لەڕێگەی دەنگ و جەستەیانەوە، هەموو ئەو دۆخانە دەبنە مایەی پێدانی گوزارشتی هەمەلایەنەو جیاواز بەجەستەی ئەكتەر بەشێوەیەكی درامی و شانۆیانە، هەروەها بەرز دەینرخێنێت لەبەرامبەر شانۆیەك كە سەرتاپای نمایشەكە بریتی بێت لە پیشاندانی گوتارو گوتنی دیالۆژ.

لەبەرئەوە زمانی گوزارشتی جەستەی ماوەو پانتای ئەدائی جیاواز دەدات بە ئەكتەر، بۆئەوەی وای لێبكات بتوانێت بەتەكنیك و شێوازی جیا كاربكات و بگەڕێت لەپێناو بەدەسهێنانی جەستەیەكی شانۆی كەهەڵگری مانای قوڵ بێت لەكاتی نواندندا.

بۆیە لەم نمیاشەدا جەستەی ئەکتەر خاوەنی جۆرێك لە جوارئەتە لەکاتی ئەنجامدانی جوڵەو کردارەکان ، ئەمە جگە لەوەی جەستەی ئەکتەر ئازادی هەیە لە دروستکردنی گۆڕانکاری لەجوڵەو دەربڕینی جەستە لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکیتر، هەربۆیە هەوڵ و ئامادەی جەستەی ئەکتەرەکان لەگەڵ ئەو وزەیەی بەکاری دەهێنن وادەکات کە بەردەوامی چالاکیە جەستەیەکانیان بدات بۆ ماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێر لە نمایش، ئەمەش ئاماژەیە بۆ تواناو لێهاتوی جەستەی ئەکتەر لەبەرامبەر ئەنجامدانی ئەو جوڵەو سەما گوزارشتئامێزانەی، کە لەڕێی جەستەیەکی هونەری پیشاند دەدرێت نەک جەستەیەکی ئاسای.

بۆیە لەم نمایشەدا جەستە بەکار هاتوە لەپێناو دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان کاراکتەرەکان، ئەمەش بەڕونی لەڕێی تابلۆ سەمائامێزە بەکۆمەڵەکانەوە هەستی پێ دەکرێت لە نمایشەکەدا، بۆیە زۆرجار جەستە لە بەشێك لەم تابۆیانەدا تاڕادەیەك بێ جوڵەیە بەڵام لەڕێگەی ئەنجامدانی ئاماژەی ساناو ئاسان، بە چاو، هێڵەکانی دەم و چاو ، جەستە دەتوانێت گوازرشتی تەواو بداتە پانتای شانۆ تەنها لەڕێگەی ئەو ئاماژانەی پێیان دەوترێن مایکرۆ موڤمێنت- واتە ئاماژەی زۆر ورد، یاخود لەوکاتانەدا کە جەستە جێگیرە بەڵام دەنگی ئەکتەر لەهەوڵی گوزارشتکردن و دەربڕینی مانادایە، ئەمە جگەلەوەی جەستەی بەشێك لەئەکتەرەکان هەندێکجار لەڕێی جۆرێك لەبەریەک کەوتن و پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دروست دەکەن لەپێناو گەیاندنی پەیوەندی درامی لەنێوان خۆیاندا.

ئەداکردنی شانۆیانە لەو نمایشەدا، لەسەر ئاستی پەیوەندی پیاو بە ئافرەت بنیاد نراوە، لەگەڵ پێویستی هەر دوو ڕەگەزەکە بەیەکتر لەهەر تەمەنێکدابن، ئەمە جگەلەوەی لەهەندێك لە دیمەنەکان، لەڕێگەی بەکارهێنانی مۆزیکی تایبەت هەست بە سەرلەنوێ ئاهەنگی ژیانەوەی ڕوحی هەردوو ڕەگەزەکە دەکەیت و، لەڕێی مۆزیك و سەمای تایبەتەوە ئاکتەرەکان گوزارشت لە پێویستیە غەریزی و هەستی لایەنە سۆزداریەکانیان دەکەن.

هەروەها ئەم نمایشە نمونەیەکی بەرچاوی چەمك و مەفهومی پەیوەندی بەستن دەدات بەبینەر، بەتایبەتیش لەو کاتەدا کە چیرۆکی (مراویەکان) پیشان دەدرێت لەناو نمایشەکەدا، کە لەبنەڕەتدا نمایشەکە ئاماژەیە بەوەی کە پەیوەندی نێوان نێرو مێ لە جیاوازی ڕەنگ و شکی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتوەو بەڵام لەپێناو ئاشتی و ژیاندا پێکەوە لە شوێنێکدا کۆ دەبنەوەو پێکەوە دەژین، بۆیە (باوش) لەم نمایشەدا دەیەوێت بڵێ کە ئەگەرچی مرۆڤەکان جیاواز بن لەڕووی شێوەو ڕەنگ و ڕەزەگەوە بەڵام سەرئەنجام مرۆڤەکان لەپەیوەندیدا دەبن لەگەڵ یەکتر لەپێناو پڕکردنەوەی پێدویستیە غەریزی و سوزداریەکانیان بەبێ دانانی هیچ مەرجێک.

3.5.1نمایشی شانۆی **(قاوەخانەی مۆلێر)**

ئەم نماشە پشت بە نواندنی بێدەنگ دەبەستێت لە ڕێگەی پیشاندانی لایەنی دەرونی کەسایەتیەکانی ناو نمایشەکە بەڵام ئەکتەر لەڕێگەی بەکارهێنانی جەستەی ، دۆخە دەرونیەکانی کەسایەتیەکانی ناو نمیاشەکە بە نواندن پێشان دەدات.

گوزارشتی جەستەی ئەکتەر لەم نمایشەدا ڕاستگۆیانەو لەڕێگەی جوڵەو بەشێوەیەکی قوڵ گوزارشت لە ڕووداوەکان دەکات، هەروەها جوڵەکان لە سەمای ئەم نمایشەدا بەگشتی زۆر وابەستە نین بە جوڵەی دیاریکراو نەریتی یاخود بالێ ، بەو واتایەی کە جەستەی ئەکتەر بەشێوەیەکی ئازادانە گوزارست لە لایەنی سایکۆلۆژی و هەست و سۆزی کاراکتەرەکە دەکات تەنها بەپشت بەستن بە جوڵەی ئازادو جەستەی و دەم و چاوێکی گوزارشتئامێز.

بۆ نمونە ئەو کاراکتەرە کچەکەی کە لە لەناو یەکێك لەدیمەنەکانداو لەدوای دوو کارەکتەر کچیتر دێتە سەرشانۆ، بەخێرای جوڵە ئەنجامدەدات و پانتای شانۆکەش پڕە لە کورسی ، بۆیە لەم دیمەنەدا تەکنیکەکە بەجۆرێکە کە ئەکتەری بەرامبەر هەمیشە لەڕێگەی جوڵەی جەستەیەوە جەریکی لابردن و پاڵ نانە بە کورسیەکانی دەوروبەری، لەپێناو پێشاندانی دوو لایەن، یەکەمیان پیشاندانی تەکنیکی نواندن لەو دیمەنەدا، دووەمیش لەپێناو پیشاندانی جۆرێك لە ئەداکردنی ئازادو خاڵی لە کۆت و بەند، چونکە دیمەنەکە گوزارشت لە ململانێی مرۆڤ و بەتایبەتیش ڕەگەزی مێ دەکات لە لەبەرامبەر بەدەستهێنای کەسێك بۆ ئەوەی تەنها لە ئامێزی بگرێت. بەجۆرێك ئەکتەرەکە کچەکە سەرئەنجام دیوارێك دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەربڕین و گوزارشت کردن لە جوڵەو هەستەکانی لەسەر تەختەی شانۆ، لێرەدا (باوش) دەیەوێت ئاماژە بە کیانی ئافرەت و موعانات و پێداویستیەکانی بکات لەناو کۆمەڵگادات.

ئەمە جگەلەوەی لەم نمایشەدا (باوش)، زیاد لە جارێك کاری لەسەر دوبارە کردنەوەی دیمەن و جوڵە دەکات ،لەپێناو پیشاندانی گرنگی جوڵەو کردار و کاریگەری ئەم دوڕەگەزە لەلای لەسەر بینەر.

مۆزیکی ئەم نمایشە هەڵگری ڕۆحێکی تراژیدایە، بۆیە ئەو هەستەی لە جۆری مۆزیکە ئوپێرالیەکەی دیمەنەکاندایە کارادانەوەو پەیوەندی دەخوڵقێنێت لەنێوان گوازرشتی ئەکتەرو ئەو دۆخ و موعاناتە مرۆڤانەیەی کە ئەکتەر دەریدەبڕێت لەدیمەکاندا. ئەگەرچی پانتای شانۆکە لێوان لێوە لە کورسی بەڵآم ئەکتەر لەناو ئەم قەرەباڵغی و جەنجاڵیەدا بەردەوام لە دروستکردنی پەیوەندیدایە لە گەڵ یەکتر، ئەگەر چی ژمارەی کورسیەکەکان زۆرن، بەڵام ئەمە ڕێگە لەئەکتەر ناگرێت جوڵەکانی ئەنجام بدات لە ناو پانتایدا، باوش دەیەوێت لەڕێگەی جوڵەی ئەکتەرەکانەوە بڵێت کە هەردوو ڕەگەزی پیاو ئافرەت ئازادن و دەبێت کورسیەکان کە ئاماژەن بۆ بەربەست و ڕێگری کردن لەژیاندا نابێت ببێتە مایەی گرفت لەبەردەم نەهێنانەدی ئارەزو خواستە خودی و مرۆڤانەکانیان، کەواتە لەم نمایشەدا جەستەی وجوڵەی ئەکتەر لەپێناوی خواست و گەیشتن بە ئارەزو ویستی ڕەگەزی نیرو مێ پیشان دەدرێن.

بەڵام جەستەی ئافرەت لەهەموو نمایشەکانی پینەباوشدا خاوەنی جۆرێکە لەئازادی، هەندێکجار جەستەی ئافرەت بەڕوتی و بێ بەرگ پیشان دەدات، لەپێناو پیشاندانی گوزارشتە دەرەکی و ناوەکیەکانی ئەکتەر لە ڕێی جەستەو ئەو ئازادیەی بۆی دەرەخسێنێت، باوش جەستەی ئافرەت بەشێوەیەك پیشاندەدات وەك ئەوەی پەیوەندی بە بونی مرۆڤ و ئارەزو پێداویستیە چەپێندراوەکانیەوە هەبێت، بۆیە لەمیانی جەستەو و ڕاستگۆیەوەو لە دروستکردنی پەیوەندی هونەری و شانۆیە لەگەڵ کەسایەتی و ئەکتەرەکانی تری سەرتەختەی شانۆ.

بۆیە ئەم نمایشە ئاماژە بە کۆمەڵێك لە خەڵک دەکات کە پێویستیان بە وەڵام و هەست و سۆزری ئەوانیتر هەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆش لە ژیاندا، بۆیە هەمیشە کەسایەتیەك بەدوای خودی خۆیدا دەگەڕێ و کەسایەتیەکی تریش بەدوای ئەوانیتردا.

بۆیە هەمیشە جەستەی ئەکتەر بەبەردەوامی خەریکی گوزارشتکردنە بەهۆی جوڵەئاماژەکانی جەستەیەوە، یاخود بەهۆی پەنابردن بۆ هەڵبژاردنی نواندنی بێدەنگ، بۆیە ئەم جۆرە لە نمایش هەموو بوارو هەلێك دەرەخسێنێت بۆ ئەکتەر بۆ ئەوەی نواندن و ئەدای کردارو ڕوداوەکانی ناو نمایشەکە بکات، ئەگەرچی جۆری ڕیتمی نمایشەکە زیاتر بەلای ژانری تراژیدیاو نواندنی بێدەنگ دەچێت.

ئەو شوێنەی ڕوداوەکانی تێدا ڕودەدات، بەناوی قاوەخانەوەیە، واتە ئەوەی لەناو ئەو شوێنەدا ڕودەدات پەیوەندی بە ململانێی نێوان ئەو کەسانەوە هەیە کە هەمیشە لە قاوەخانەکاندا خەریکی هاتن ورۆیشتن ، یاخود چاوەڕێکردنی ئەوانەی ترن و لەکۆتایشدا هەموو پێکەوە بێت بڕۆن و قاوەخانەکەش دابخەن.

ئەکتەر لەم نمایشەدا پشت بە توانای خۆی ڕەهەندی کاراکتەر دەبەستێت، ئەگەرچی دیالۆگ وشەو وتە لەو نمایشەدا بونی نیە بەڵکو ئەکتەر تەنها لەڕێگەی جەستەی خۆیەوە خەریکی گوزارشتکردنە لە لایەنی سۆزداری و دەرونی کەسایەتیەکان، بۆیە بۆ هۆی ئەنجامدانی جوڵەو ئاماژەی جۆراجۆر لە دیمەنەکاندا، لەڕێگەی کارکردن لەسەر تواناو ئامرازە دەرەکیەکانی ئاکتەرو

سەرجەم دیمەن و تابلۆ هونەیە جوڵاو جێگیرەکان پێك دەهێنێت لە پانتای شانۆدا، بۆیە زۆربەی کەسایەتیەکانی ناو ئەم نمایشە هەڵگری پەیامێکی تراژیدین و بەدوای بون و پێداویستیەکانی خۆیاندا دەگەرێن لەم جیهانەداو تەنها لەڕێگەی هەستکردن و کارکردن لەسەر جەستەیان وەك ئاوێنەیەك بۆ پیشاندانی موعانات و کێشەکانیان.

لەم نمایشەدا کاراکتەر خۆی لەسەر دووئاس دابەش دەکات، بەشێکیان تایبەت دەکات بە کارکردن لەسەر پیشاندانی لایەنی ناوەکی و دەرونی ئەوکایەتیەی بەرجەستەی دەکات، بەشی دووەمیش تەرخان دەکات بە کارکردن لەسەر

پیشاندانی لایەنی دەرەکی بەشێوەیەکی گوزارشتئامێزانە، بۆیە لەمیانی بونی جەستەیەکی ئازادەوە ئەکتەر هەردولایەنی ناوەکی، واتە لایەنی دەرونی و هەروەها لایەنی دەرەکی کەسایەتیەکە لەڕێی جوڵەو هێماو ئاماژەوە پیشان دەدات بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و کۆنترۆڵکراو.

جەستەی ئەکتەر لەم نمایشەدا بەهەردوو ڕەگەزی نێرو می لەڕوی کاریگەری تەکنیکەوە بەیەك ئاڕاستەو گرنگیەوە پیشان دەدرێت، واتە جەستەی ئەکتەری شانۆی بەهەردوو ڕەگەزەوە دەکرێت هەڵگری هەموو بەهاو توانایەکی هونەر بێت و، بەبێ جیاوازی لە توانایدایە بەشێوەیەکی گونجاو زۆر بەسەلقیەوە گوزارشت لە هەر دیمەن و ڕوداوێك بکات کە دەیەوێت لەسەر تەختەی شانۆ.

بۆیە کەسایەتیەکانی ناو ئەم نمایشە ، بەبێ جیاوازی خەریکی دوبارەکردنەوەی کردارو جوڵەکانن، بەو واتایەی کە ئەکتەرەکان لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ بەهەمان دۆخی دەرونیدا تێپەڕ دەبن و هەمان موعانات و تەنگەژەی دەرونیان هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە کردەوە مرۆڤایەتیەکان یەك شتن و، دەکرێت بەشێکیان ئازاردەرو هەندێکیتریان سۆزداری یادو هەڵچونی لەگەڵدا بێت.کەواتە دۆخی مرۆڤ وەکو بونەوەر هەمان شتە.

بەومانایەی کە جەستەی ئەکتەر لەم نمایشەدا وابەستە نیە بە بیرۆکەیەکی دیاریکراو، بەڵکو جەستە بۆ کردارێك بەکار دەهێنێت بۆ گوزارشتکردن لە چەندین بیرۆکە.

## تەوەرەی چوارەم

### 1.1 ئەنجامە گشتیەکان

١ - گوزارشتی جەستەی ئەکتەر لە نمایشەکانی پینەباشدا ئاڕاستە کاری لەسەرکرا

أ - پیشاندان و بەکارهێنانی جەستە بەشێوەیەکی تەکنیکی لەڕێگەی ( دەست، دەم و چاو، سەر، هەردوو پێ، لەگەڵ دۆخە جەستەیەکان) هەروەك چۆن لە سێ نمونەکەی پێشودا باسی لێوەکراوە.

ب - ئەداکردنی دەنگی وەکو( دیالۆگ- گۆرانی، بەرزو نزمکردنەوەی دەنگ و هاوارکردن) هەروەك چۆن لە نمونەی نمایشی یەکەم و دووەم ئاماژەی بۆ کراوە.

ج - پیشاندانی لایەنی دەرونی و ویژدانی( هەست و سۆز- ئازار- بێزاری- پێکەنین- گریان) لەنمونەی نمایشی یەکەم و سێهەم ئاماژەی پێکراوە.

٢ - زمانی جەستە لە هەموو نمایشەکاندا لەگەڵ بونی هەموو جیاوازیەکان، بەکۆی گشتی جەستەی ئەکتەر خاوەنی وزەو لێهاتویە لەچۆنێتی ئەنجامدانی جوڵەو گوزارشت کردن بەپێی بابەت و ئەو دۆخانەی لە نمایشەکاندا کاری لەسەر کراوە.

٣ - مامەڵەکردنی ئەکتەرە شانۆیەکان لەهەرسێ نمایشەکەدا بریتی بوو لە کارکردنی خودی ئەکتەر لەسەر لایەنی ناوەکی ودەرەکی لەپێناو وێناکردن و پیشاندانی جەستەبووە لەناو پانتای شانۆدا.

٤ - کۆبونەوەی جەستەی سەماکاری گوزارشت ئامێز لەگەڵ جەستەیەکی هونەری ئەکتەری شانۆی، بوە مایەی پێدانی جەستەیەکی گوزارشتئامێزی تەواو کامڵ کە لەتوانایدا بێت بەباشی کار لەهەموو جۆرو فۆرمە شانۆیەکاندا بکات.

٥ - جەستەی ئەکتەر لەو نمایشانەدا ئاماژەیە بۆ بونی جەستەیەکی ڕاهێندراو ڕۆشنبیر، واتە تایبەت و پەیوەیست نیە بە ژینگەیەك یان ڕۆشنبیرو تەمەنەێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەوجەستەیە پەیوەیستە بە ژینگەیەکی هونەری و جیهانی خاوەنی مۆرکێکی جیهانی هونەریەو خەریکی گوزارشتێکی هونەری و شانۆیە.

### 2.1 ئەنجامە تایبەتەکان

١ - شانۆی هاوچەرخ کار لەسەر کرداری ئەکتەر دەکات لەمیانی زمانی جەستەو پیشاندانی توانستەی وهونەرەیەکانی جەستە، لەبەرئەوە شانۆ لەمرۆدا بەهەموو پێش کەوتنەکانیەوە پێویستی بە هەوڵ و جۆرێك لە ئەکتەر هەیە کە کامڵ بێت لەڕوی سیفات و ئامادەگی هونەری و تەکنیکی و ڕۆشنبیریەوە.

٢ - بۆیە پینەباوش لەبەرهەمە هونەریەکاندا پشتی بە تەکنیکی ئەکتەر بەستوە لە گروپەکەیدا، بەجۆرێك ئەکتەر لەنمایشەکاندا تەنها تواناکانی لەڕی سەمای گوزارشتئامێزیەوە دەرناکەوێت، بەڵکو باوش گرنگی بە لایەنی نوانن دەدات بەپێی جۆری نمایش و ڕەهەندی کەسایەتی ناو نمایشەکانی، چونکە نواندن لەشانۆی هاوچەرخدا تەنها کار یاخود پەنا بۆ جۆرێك لە ئەدای دیاریکرداو سنوردار نابات، بەڵکو شانۆی هاوچەرخ کار لەسەر تابلۆی هونەری و شانۆیەکان دەکات بەشێوەیەکی فراوان بە پشت بەستن بە جەستەی ئەکتەر وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی و یەکەم لەنێو ڕەگەزە شانۆی و تەکنیکیەکانی تردا.

٣ - گوزارشتی جەستەی لە شانۆی هاوچەرخدا کار لەسەر چەندین شێوەو فۆرمی ئەداکردن دەکات، بۆیە نواندن و سەماو ژەنینی مۆزیك و گۆرانی نەریتی و تەقلیدی هەموو ئەمانە پێکەوەو بەشێوەیەکی هاوچەرخانە بونە هەوێنی

شانۆی هاوچەرخ بەتایبەتیش لە نمایشەکانی پینەباوشدا، هەموو ئەمانەش لەپێناو پێدانی فۆرم و شێوەیەکی ئەدائی نوێ بوو بە شانۆو بینەر.

٤ - نمایشە هونەرییەکانی پینەباوش بەتەنها کار لەسەر پیشاندان و نمایشکردنی جوڵەو سەمای گوزارشتئامێز ناکات بەڵکو کار لەسەر نواندن و ئەکتەرو ڕەهەندی کەسایەتیەکانی ناو نمایش دەکات، بەجۆرێك ئاکتەرو سەماکارەکانی پینەباوش خاوەنی سێ جۆر لە توانست و سیفاتن کە بریتین لە:

أ - بونی تەکنیك و توانستی جەستەی.

ب - کارامەوی و بونی لێهاتوت لە توانستی دەنگیدا

ج - زانین و توانستی ئەکتەر لە نواندن و ئەدای جۆراوجۆر.

٥ - لە پەیمانگاو ناوەند و ئەو کۆلێژە شانۆیەکان لەگەڵ بونی لابۆرو ستۆدیۆی هونەرو دەرهێنەرو تێۆریستی پرۆفیشناڵ و جیهانی، ئەکتەر ئەزمونی خوێندن و کارکردنی هەیە لەسەر ڕاهێنان و مەشقە جەستەیەکان لەبواری سەماکردن و پەروەردەکردنی جەستە بەشێوەیەکی شانۆی و هونەری، لەگەڵ پشت بەستن و کارکردن لەسەر چەندین مەشقی تایبەت بە پەرەپێدان و ڕاهێنانی دەنگ و شێوازی گۆرانی گوتن و تەنانەت فێربون و ژەنینی مۆزیك، هەڵبەت لەپاڵ ئەو ڕاهێنانەی تایبەتن بە نواندنی ئەکتەر، لەبەرئەوە گوزارشتە جەستەیەکان لەشانۆی هاوچەرخدا پشت بە جەستەیەك دەبەستێت کە هونەری و کامڵ بێت و توانای گوازرشتکردنی هەبێت لە هەموو فۆرم و ئەداکردنە هونەریە جۆراوجۆرەکان، لەبەرئەوە باوش جەستەی سەماکاری لە فۆرم و جەستەی ئەکتەری شانۆیدا پیشان داوە.

٦ - هونەری شانۆ و ئەکتەر لە هەموو ئەو ژینگەو شوێنانەی لە جیهاندا شانۆو هونەریان تێدا دەخوێندرێن بەرووی زۆر بواری زانستی و ئەکادیمیدا کراوەنەتەوەو ،کار بۆ ئەوە دەکەن سود لە لایەنی تەکنیك و پێش کەوتنە سەردەمیەکان وەرگرن لەپێناو ئەوەی ئەکتەر شارەزاو فێری جۆرەکانی نواندن و سەماکردن و ئەداکردن بێت، هەروەك چۆن پینەباوش یەکێك بوو لەو ڕۆشنبیرو دەرهێنەرو سەماکارە هاوچەرخانەی کە هەمیشە هەوڵیدەدا لەرێگەی توانست و بەتایبەتیش جەستەی ئەکتەرەوە گوزارشت لە چەندین بابەتی گرنگی کۆمەڵایەتی تایبەت بە ڕەگەزو جیهانی ئافرەت بکات، بەجۆرێك باوش و کارەکانی لەم بواردەدا بووە هۆی ،پێدانی بایەخێکی نوێ و گرنگ بە شانۆی هاوچەرخ لەرێی کارکردنی لەسەر توانستی ئەکتەرو سەماکار، لەگەڵ پیشاندانی گرنگی و کاریگەری گوزارشتی جەستەی ئەکتەر بەشێوەیەکی شانۆی لەنێو نمایشەکانیدا.

**3.1 ڕاسپاردەکان**

١ - توێژەر ڕامان دەسپێرێت کە جەستەو کاریگەری گوزارشتی جەستەی لەسەر تەختەی شانۆ گرنگی خۆی هەیە، چونکە جەستە زمانێکی کامڵ و تەواوە لەسەر ئاستی شێوەو ناوەڕۆك، هاوکات جەستە زمانێکی زانستییەو توانای دروستکردنی پەیوەندی و کومیۆنیکەیشنی هەیە لەگەڵ دەوروبەر.

٢ - دەکرێت لە دوو گۆشە نیگاوە تەماشای بەکارهێنانی جەستە بکەین یەکەم، لەڕوانەگەی ئەوەی کە جەستە بەکاربێهندرێت وەکو ئامرازێك بۆ دەربێنی جەستەی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، دووەم دەکرێت جەستە بەکار بهێندرێت لە هونەرەکانی تری وەکو شانۆو سەماکردن لەڕێگەی ئامادەکردن و ڕاهێنانی جەستەی ئەکتەرەوە.

**4.1 پێشنیارەکان**

١ - ئەنجامدانی ۆرك شۆپی شانۆی لەپێناو مەشقکردن تایبەت لە پێناو ئامادەکردن و پەروەردەکردنی لایەنی ناوەکی و دەرەکی جەستەو پاشان بەکارهێنانی لەپێناو بەرەوپێشچونی ئاست و توانستی ئەداکردن.

٢ - فەراهەمکردنی دەزگاو ناوەند و دامەزراوەی هونەری فەرمی و نافەرمی لەپێناو بردەودان و بەرەپێشخستنی زمانی جەستە چونکە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە لەکاتی دروستبونی پەیوندی بەستن و کۆمیونیکەیشنی نێوان تاکەکان، ئەمەش لەڕێگەی ئەنجامدانی خول و ۆرك شۆپی شانۆی و دەربارەی کاریگەی گوازرشتی جەستەی لەلای پسپۆرە شانۆیەکان دروست دەبێت.

پاشکۆکان


١-ينظر.د.سامي عبد الحميد.(2001).مدخل الى فن التمثيل.وزارة التعليم العالي والبحث العلمي جامعة بغداد.كلية الفنون الجميلة,دار الكتب والوثائق (637),ص (39-37).

2-ينظر.المصدرنفسه.مدخل الى فن التمثيل,ص(43).

3- فسيفولد مايرهولد.(1979).الفن المسرحي.ترجمة د.شريف شاكر.الطبعة الاولى دار الفارابي بيروت,ص(216).

4- ينظر.د.فاضل علي جاف. (2012).فيزياء الجسد ميرهولد ومسرح الحركة والايقاع,الطباعة الاولى والنشر(دارالمدى),بغداد,العراق,ص(115).

5-المصدرنفسه.فيزياء الجسد ميرهولد ومسرح الحركة والايقاع,ص(120).

6-اوجيينوباربا.(1998).طاقة الممثل,ترجمة د.سهير الجمل(وزارة الثقافة مهرجان القاهرة الدولي للمسرح التجريبي),مصر,ص(54).

7- المصدر نفسه.طاقة الممثل,ص(53).

8-جيري كروتوفسكي.(1986).نحو مسرح الفقير,ترجمة د.كمال قاسم نادر,(دارالشؤون الثقافية العامه,وزارة الثقافة والاعلام) العراق,بغداد,ص(33).

9- المصدرنفسه.نحومسرح الفقير,ص( 58).

10- المصدرنفسه. نحو مسرح الفقير,ص (177).

11-NOEL WITTS.TERESA BRAYSHAW.(2014).THE TWENTIETH-CENTURY PERFORMANCE READER.ROUTLEDGE TAYLOR&FRANCIS GROUP LONDON AND NEW YORK,P(53).

12-ينظر.المصدرنفسه,THE TWENTIETH-CENTURY PERFORMANCE READER,P(53).

13-ينظر. MARIA SHEVTSOVA. SHOMIT MITTER.(2007).FIFTY KEY THEATRE DIRECTION.270MADISON AVENUE,NEW YORK,NY10016(TWICE),P(174-175).

14-RACHEL E.BENNETT.(2009).WHY THEATER?A STTUDY OF ROBERT WILSON.BUTLER VNIVERSITY,A THESIS ,PRESENTED TO THE DAPARTMENT OF THEATRE,JORDAN COLLEGE OF FINE ARTS,P(16).

15-ينظر.اشرف عزب.(11/حزيران/يونيو2012).مسرح الصورة, مقالات نقدية,جريدةمسرحنا ,نشرعلى صفحة الكوكل الموقع الخاص بالمجلة.WWW.MASRAHONA.COM,

16-المصدرالسابق نفسه.RACHEL E.BENNETT.(2009).WHY THEATER?A STTUDY OF ROBRT WILSON.P(17).

17-روبرت ويلسون.السنه(2014),مقابلة شخصية ومباشرة نشرت موقع اليوتيوب في قناة(اي ار)الروسية عربي.

18- المصدرالسابق نفسه.MARIA SHEVTSOVA. SHOMIT MITTER.(2007).FIFTY KEY THEATRE DIRECTION.P(187).

19-المصدرنفسه,FIFTY KEY THEATRE DIRECTION.P(187).

20-ينظر.المصدرنفسه,FIFTY KEY THEATRE DIRECTION.P(186).

21-نفس المصدر,FIFTY KEY THEATRE DIRECTION.P(185).

22-مارسيل مارسو,(1980).حول المايم, مقابلة شخصية مباشره,نشرت على الموقع الالكتروني . اليوتيوب,مع المذيع,JIM BERNHARD

23-BEN MARTIN.(1978).MARCEL MARCEAU MASTER OF MIME.PADDINGTON,

PRESSMIME(UK) ,P( 2).

24-المصدر السابق نفسه.مارسيل مارسو.حول المايم.مقابلة شخصية منشورة على اليوتيوب.

25-المصدر السابق نفسه.مارسيل مارسو.حول المايم.مقابلة شخصيه منشوره على اليوتيوب